108

کتێبی گیرفان

# توندوتیژی دژ بە ژنان

( میسر ، ئۆردون ، سوریا ، لوبنان ، فەلەستین )



وەرگێڕانی

کنێر عەبدوڵڵا

هەواڵنامەی کتێب

# توندوتیژی دژ بە ژنان

## (میسر، ئوردون، سوریا، لوبنان، فەلەستین)

ناوی کتێب: توندوتیژی دژ بە ژنان
(میسر ،ئۆردون ،سوریا ،لوبنان ،فەلەستین)

وەرگێرانی: کنێر عەبدوڵڵا
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی:نیشتمان محەممەد فازڵ
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم ـ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
Kteb@serdam.org
لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٢٤٠٤)
ساڵی٢٠٠٩ ی پێدراوە

سەرچاوە:

سایتی (نساء سورية )
د. هيفاء ابو غزاله بعنوان : العنف ضد المراءة
(مصر، الاردن، سوريا، لبنان، فلسطين ٢٠٠٩)
www. nesasy. org

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

د . هیفاء ابو غزاله

# توندوتیژی دژ بە ژنان

## (میسر، ئوردون، سوریا، لوبنان، فەلەستین)

وەرگێڕانی: کنێر عەبدوڵلا

هەواڵنامەی کتێب

سلێمانی – ٢٠١٠

زنجیره کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (١٠٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیره
ئازاد بەرزنجی

هەوالنامەی کتێب

# پێڕست

دەستپێک ٧

پێشەکی ٩

چەمکی توندوتیژی دژ بە ژنان ١٣

توانا نێو دەوڵەتییەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ١٥

ئاسەوارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان ٢٧

توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیهانی عەرەبیدا ٣٢

بارودۆخی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا (میسر، وردون، فەڵەستین، سوریا، لوبنان ) ٣٦

دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا (میسر، ئوردون، فەڵەستین، سوریا، لوبنان ) ٥٤

هەواڵنامەی کتێب

ژنان و یاساکانی باری کەسێتی لە ولاّتە هەڵبژێردراوەکاندا (میسر، ئوردون، فەڵەستین، سوریا، لوبنان) ٦٧
ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ولاّتە هەڵبژێردراوەکاندا ٧٧
هێماکان دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ولاّتە هەڵبژێردراوەکاندا (میسر، ئوردون، فەڵەستین، سوریا، لوبنان ) ٨٤
کۆتایی ١١١
سەرچاوەکان ١١٤

هەولاّنامەی کتێب

# دەستپێک

بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوتووە ئەو توندوتیژیانەی لە گشت وڵاتەکاندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەسەر یەک ئاستدا نییە، بەڵکو بەپێی جیاوازی کۆمەڵگە، ژینگە، دابونەریت و تەنانەت یاساکانیش شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان جیاوازی بەخۆوە دەبینێت، بۆیە دەتوانرێت بوترێت بەگشتی هۆکارەکانی توندوتیژی دەرئەنجامی کۆی ئەو ناوەندانەیە کە مرۆڤەکان پیایدا تێدەپەڕن و ڕۆژانە لە سەرجەم ناوەندە جۆربەجۆرەکاندا بە ڕێژە و شێوازی جۆربەجۆر ژنان دووچاری کۆی جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە کە بەپێی جۆری کەسایەتیی و باری کۆمەڵایەتی و ژینگەی پەروەردەکردن و قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوە و کاریگەر و ئاسەواری جیاواز بەسەر ژناندا جێدەهێڵێت.

بابەتەکانی ئەم کتێبە سەرگوزەشتە و باسێکی هەمەلایەنەی دیاردەی توندوتیژی دەخاتە ڕوو لە هەر یەک لە وڵاتانی (میسر، ئوردون، سوریا، لوبنان و فەلەستین) دا. بە مەبەستی ئاشنابوونی

زیاتری تاکەکانی کۆمەڵگە بە چەمکی توندوتیژی، جۆرەکانی، ئاسەوارەکانی بەسەر ژنان و سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی و گشت ئەو یاسایانەی لەو وڵاتانەدا پیادە دەکرێت، بە پێویستم زانی وەرگێڕانی ئەم بابەتە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی بکەمە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ نێو کتێبخانەی کوردی و زیادکردنی زانیارییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان و ئاشنابوونی زیاتری ڕەگەزەکان بە ڕادە و ئاستی ئەم کێشەیە و قەبارەی زیان و کاریگەرییەکانی وەک بەربەستێک بۆ گەشەکردن و ڕەوتی پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەگشتی و مرۆڤەکان بەتایبەتی.

بە هیوای هۆشمەندبوونی زیاتری تاکەکان بە مەترسی و کاریگەرییە خراپەکانی ئەم کێشەیە تا ببێتە مایەی دورکەوتنەوە و پیادەنەکردنی لەلایەن مرۆڤەکانەوە و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی، کە ئەرکی هەمەلایەنەی پێویستە، جگە لە ئاوڕدانەوەیەکی ڕاستێتی و باشتری لایەنە بەرپرسەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانانی پلان و پرۆژەی ستراتیجی هەمەڕەنگ لەمەڕ ئەم پرسە.

وەرگێڕ
کنێر عەبدوڵڵا
ساڵی ٢٠١٠

# پێشەکی

ژنان لــە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەدەســت سـەرجەم ئـەو جیاکارییانــەوە دەناڵێنــن کــە دەرهەقیــان ئەنجــام دەدرێت، گــەر لە تەشریعاتەکاندا یان لە مامەڵەکردنە کۆمەڵایەتییە ڕۆژانەکاندا بێت، وێڕای ئەوەی تا ئێســتا ئەم دیاردەیــە بوونــی هەیە و پیــادەش دەکرێت، بەڵام ڕادەی جیاکارییەکــە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویدی دەگۆڕێت، وە لەسەر ئاستە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا ژمارە و ئامارەکان جیاوازی ڕاســتەقینە دەردەخەن لەنێوان ژنان و پیاواندا کــە لەنێوان ٣ ,١ بلیۆن کەســدا، نزیکەی٧٠٪ ی ژنــان لــە هەژارییەکی کەساســدا دەژین و ئەو ڕێژەیە ئامــاژە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە زۆری هــەژاری نێــوان ژنــان پەیوەندیدارە بە جیاکارییەکانــی لە دژیان ئەنجــام دەدرێت لە بازاڕی کار و تەشریعاتە جیاوازەکاندا، بەدەر لە بارودۆخەکانیان لەنێو خێزاندا.

ڕێژەی نەخوێندەواری نێوان ژنان لە جیهاندا بەرزترینیانــە، جگە لەوەی ژمــارەی کاتژمێری

کارکردنـــی زوربـــەی ژنان زیاترە لـــە پیاوان و کارەکانیشـــیان بـــێ وەرگرتنی کـــرێ دەبێت و تەنانەت لە زوربـــەی کاتەکاندا ئیعتراف (پەی) یـــان پێ ناکرێت، وە لـــەرووی جیهانییەوە ژنان لەنێوان (١٠-٢٠)٪ ی پۆســـتەکانی کارگێڕی و جێبەجێکردن پێکدەهێنن و کەمتر لە ٢٠٪یان لە کارە پیشەسازییەکاندان. هەروەها لە قەرزەکانی دامـــەزراوە رەســـمییەکانی قەرزکردندا بەشـــی یەکسان وەرناگرن، بەڵام لە بواری بەشداریکردنی سیاســـی و بڕیارســـازیدا ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ١٠٪ ی کورسییەکانی نوێنەرایەتی، ژنان داگیری دەکەن، جگە لەوەی ژنان کەمتر لە ٥٪ی سەرکردەکانی وڵاتانی دونیا پێکدەهێنن.

لە گەشـــەکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ژنان ڕۆڵی جیاواز و بنەڕەتی و شـــوێنگەیەکی پتەو و یەکلاکەرەوەیان هەیە و لەسەر ئاستی جیهانیشدا بایەخدان بە بابەتی ژنان بە مەسەلەیەکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دادەنرێت. تەنانەت مەسەلەی ژنان بەتایبەت توندوتیژی دژ بە ژنان وەک مەسەلەیەکی ئەولەوییەت ماوەتەوە نەک تەنها لەلایەن ژنان و ڕێکخراوەکانیان، بەڵکو بۆ گشت سەرکردەیەکی وڵات، کۆمەڵگە، دامەزراوە شارستانی، پسپۆڕان، بەخێوکەران و چاکسازەکان. بەشێوەیەکی گشتی



هەوڵنامەی ژیان

هەســـت و ویژدانە باوەکان لەنێـــوان چینەکانی کۆمەڵـــدا ئەوەیە ژنان تا ئێســـتا دیل و بەندی بیروڕاکانن کە ڕۆڵیان دەستێنیشان دەکات و لەژێر زاڵێتی تێڕوانینە نێرسالارییە داپڵۆسێنەرەکاندایە کە مەســـەلەکان ئاڵۆزتر دەکەن، ئەم ڕاستییانە زۆربەی زانست، سەرچاوە، توێژینەوە، بابەت و ئامڕازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن گوزارشـــتیان لێ دەکرد. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو کێشـــەیە تەنها لە وڵاتێک یان لە کۆمەڵگەیەکدا کـــورت نەکراوەتەوە، بەڵکو لە گشـــت وڵاتانی دونیادا دیاردەیەکی بەربڵاوە.

بەربـــڵاوی و تەشەنەســـەندنی مەســـەلەی توندوتیـــژی دژ بـــە ژنان یـــان ئـــەو دیاردەیە دەرئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکارن، لەوانە: فاکتەرەکانی ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، دابونەریت و فاکتەرە ژینگەیی و ئابوورییەکان بەدەر لە هۆکارە تەشـــریعییەکانی کە لە زوربەی کاتدا پیادەکەرە بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و جیـــاکاری دژ بە ژنـــان. وە هەرچەندە هۆکار و ئەوانەی دەبنە هۆکار جیاوازی بەخۆوە بینی بێت، بەڵام دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان وەک یەکێک لە گرنگترین کێشەکان دەمێنێتەوە کە کۆمەڵگە مرۆییەکان پێـــوەی دەناڵێنن. وە بەهۆی ئەوەی

توندوتیژی دژ بە ژنان فرەهۆکارە بۆیە پێویستە گشت تواناکان یارمەتیدەر و پشتگیری یەکتری بن و لەسەر ئاستە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاساییەکاندا بەشێوەیەکی تەواوکەر کار بکەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردەیەدا.

هەواڵنامەی کتێب

# جەمکی توندوتیژی دژ بە ژنان

لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکانی زاڵبوون بەسەر توندوتیژی دژ بە ژناندا کە ساڵی ١٩٩٣ نەتەوە یەکگرتووەکانیش واژووی لەسەر کردووە توندوتیژی بەوە دەناسرێت کە (هەر کردەوەیەکی توندڕەوانەیە کە لەسەر بناغەی ڕەگەز دادەنرێت، دەشێت ئازار یان ئازاری جەستەیی یان سێکسی یاخود دەرونیی بۆ ژنان لێ بەئەنجام بێت، لەوانە هەڕەشەکردن بە تاوان و گوناهە یان بە زۆرلێکردن یاخود بەزۆر بێبەشکردنی لە ئازادی گەر لە ژیانی گشتی یان تایبەتیدا بێت). بەڵگەنامە دەرچووەکانی تایبەت بە کۆنگرەی چوارەمی جیهانی بۆ ژنان لە بەکین ساڵی ١٩٩٥ ئاماژە بەوە دەکات «توندوتیژی دژ بە ژنان هەر توندوتیژییەکە کە پەیوەندیدارە بە جۆری ڕەگەزەکە، زۆرجار دەبێتە هۆی لێکەوتنەوەی زیانی جەستەیی یان سێکسی یاخود دەروونیی و ئازار بۆ ژنان، لەوانە هەڕەشەکردن بەو جۆرە کردەوانە و بێبەشکردنی لە ئازادی بە زۆرەملێ یان ناچارکردن و بەزۆر بێت گەر ئەوە لە شوێنی گشتیدا ڕوو بدات یان لە ژیانی گشتیدا» وە

کۆنگرەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئەوەی لێی کەوتەوە بەناوی ڕاگەیاندن و بەرنامەی کاری فینا ساڵی ١٩٩٣ توندوتیژی و جیاکاری دژ بە ژنانی پێکەوە گرێدا، بڕگەی ٣٨ (دیاردەکانی توندوتیژی تەنگپێهەڵچنینی سێکسی، ڕەتاندنی سێکسی و ئەو جیاکارییەی لەسەر بناغەی ڕەگەز هەیە و دەمارگیری و زیادەڕۆیی دەگرێتەوە و ئەو بڕگەیە بەم شێوەیە هاتووە «کۆنگرەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر گرنگی کارکردن دەکاتەوە لەپێناو نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا وە نەهێشتنی گشت شێوازەکانی بێزارکردن، دەستدرێژی سێکسی، ڕەتاندن، بازرگانیکردن بە ژنان و زاڵبوون بەسەر ئەو لایەنگیرییەی لەسەر بنەمای ڕەگەز هەیە لە پێکهێنانی داد و نەمانی هەر پێکدادانێکدا کە دەشێت لەنێوان مافەکانی ژنان و ئاسەوارە زەرەرمەندەکانی دروست دەبێت بۆ هەندێک لە پیادەکردنە باوەکان یان پەیوەندیدارەکان بە دابونەریت و دەمارگیری ڕۆشنبیری و زیادەڕۆیی ئایینیدا».

# توانا نێودەوڵەتییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیـــژی دژ بە ژنان و ئـــەو جیاکارییەی لە ئاســـت جیهاندا بوونی هەیە لەنێوان پیاوان و ژناندا و لاوازکردنی ژنان بە مافەکانیان لەسەر ئاســـتی جیهاندا وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کـــرد کۆمەڵێک بنەمـــا و ڕێکەوتننامە و بەڵێن دابنێـــت بۆنەهێشـــتن و قێزەونکردنی جیاوازی لەســـەر بنەمای ڕەگەز، ئەوەش بۆ سووککردنی مەترســـی و زەبری توندوتیـــژی دژ بە ژنان لەو مەترسیانەی بەگشتی بەسەر کۆمەڵگەوە هەیەتی.

دەسپێشـــخەرییە ســـەرەتاکان بە پلەی یەکەم لەسەر خێزان جەختی لەســـەر چارەسەرکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان کردەوە لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتیدا، بەڵام پلانی کارکردنە جیهانییەکان بۆ ژنان کە لەلایەن کۆنگرەی جیهانی نێودەوڵەتی ژنانەوە دانرا لە شـــاری مەکسیکۆ ساڵی ١٩٧٥ سەرنجەکانی ڕاکێشا بۆ گرنگێتی دانانی بەرنامەی

خوێنـــدن و دۆزینەوەی ڕێگاکان بۆ چارەســەرە ناکۆکییەکانـــی خێزان کە لـــەڕووی ناوەڕۆکەوە باســەکانی تایبەت بە کەرامەت، یەکســانی و ئاسایشـــی لەخۆ دەگرێت بۆ گشـــت تاکێک لە تاکەکانی خێزان، بەڵام ڕاســتگۆیانە هێمای بۆ توندوتیژی نەکرد. لە کاتێکدا دادگای ڕێکخراوە ناحکومییـــەکان کە بە هاوڕێکبوون و تەریببوون لەگەڵ کۆنگرەیەکی شـــاری مەکسیکۆ و دادگای پەیوەندیدار بە تاوانەکانی دژ بە ژنان ئەنجامدرا لە برۆکسل ساڵی ١٩٧٦، زۆرێک لە شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانیان دەرخست. وە پەیبردن بە مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنان و جیاکارییەکانی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت بە گەشـــەکردنێکی مێژوویی گرنگدا تێپەڕیوون، تەنانەت پەیبردنی نێودەوڵەتـــی بـــەم مەســـەلەیە دەرئەنجامـــی ســـاڵانێکی کارکردنە لەسەر گشـــت ئاستەکاندا کـــە گرنگترینیان کۆنگـــرە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگەنامەکانـــی نەتـــەوە یەکگرتووەکانـــە. وە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە (سان فرانسیسکۆ) ی ســـاڵی ١٩٤٥ دا بەسترا یەکەم ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتییە کە لە دەستەواژەی دیاریکراودا ئاماژە بە یەکسانیی مافەکانی پیاوان و ژنان دەکات. وە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی

مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ لە مادەی دووەمدا جەختی لە ڕەتکردنەوەی هەموو جیاکارییەک کردەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز. جگە لە ڕەتکردنەوەی کۆیلەکردن و ڕسواکردن لە مادەی چواردا و ئەشکەنجەدان و مامەڵەکردن یان سزادانی توند لە مادەی پێنجدا، هەروەها لە مادەی ١٦ دا هێمای بۆ تەمەنی هاوسەرگیری کردووە کە تەمەنی پێگەیشتنە، جگە لە یەکسانبوون لە مافەکاندا لە کاتی هاوسەرگرتندا و لە ماوەی پێکهێنانی هاوسەرگیری و هەڵوەشاندنەوەیدا، وە مادەی دوانزە لە جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ باسی لەوە کردووە: هیچ کەس ڕێگری لە دەستێوەردانی بەزۆر ناکات لە ژیانی تایبەتی یان خێزانی یاخود نیشتەجێی و نامەگۆڕینەوە و هەڵمەتەکانی کە لەسەر شەرەف و ناوبانگی دەکرێت. وە لەڕووی یاساییەوە مافی گشت کەسێکە لەو جۆرە دەستێوەردان و هەڵمەتانەدا پارێزگارییان لێ بکرێت. وە لە زووەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەستی بە چالاکییەکانی کرد لەپێناو لەناوبردنی جیاکارییەکان دژ بە ژنان: بۆیە لە ساڵی ١٩٤٦ دا لیژنەی بنکەی ژنانی دامەزراند بۆ چاودێریکردنی بارودۆخی ژنان و بڵاوکردنەوەی مافەکانیان. وە لە کاتی

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی یەکسانی لە جیهاندا بەپێی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی لەخۆی گرتبوو توانا نێودەوڵەتییەکان بەردەوام بوو لەپێناو داد و ویژدانی ژنان و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاری لە ڕێی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨، بەڵێنی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان ساڵی ١٩٦٦، ڕێکەوتننامەی نەهێشتن لەسەر گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان ساڵی ١٩٧٩ و بەڵێنی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٦. هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەیەکیان دەرکرد تایبەت بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە کاتی فریاگوزاری و ناکۆکییە چەکدارەکاندا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە ٣٣١٨ لە ١٤ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ کە وای لە گشت وڵاتان و ئەندامان کرد پەیوەست بن بە بیروباوڕەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە: ژنانێک کە سەر بە کەمایەتییەکان و مافەکانیان: هەروەها ڕێکخراوی کاری نێودەولەتی یارمەتیدەر بوو بۆ چاککردنی ئاستەکانی کارکردن و ڕێکەوتننامەی ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٥١ تایبەت بە یەکسانی لە کرێدا،

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان لە بڕیارەکەیدا بە ژمارە ١٠٦ / ٥٢ ی ســاڵی ١٩٩٥ ڕێکەوتنننامەی تایبەت بە منداڵانی دەرکرد.

مافەکانی منداڵانی کــچ بریتییە لە: ماف لە ژیاندا و جیــاوازی نەکردنی لەگەڵ نێرینەکاندا، لــەڕووی خوێندن، ســەلامەتی جەســتەیی و پاراســتنی لە دەســتدرێژییەکان. وە لە ١٨ی کانونی یەکەمی / ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان قایل بوو بە ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان «ســیداو». وە ڕێکەتننامەکە لە ٣ ی ئەیلولی ســاڵی ١٩٨١چووە بواری جێبەجێکردنەوە وەک ڕێکەوتننامەیەکــی نێودەوڵەتی پــاش ئەوەی لەلایەن بیست وڵاتەوە پەسەند کرا.

ئەو جاڕنامە و ڕێکەوتننامانە چوونە نێوەندی کۆمەڵێک لەو کۆنگرە یارمەتی و پشــتگیریانەی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرا، بەشــێوەیەک کۆنگرەی جیهانی ژنان لە مەکسیکۆ ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامدرا کــە دیارترین دەســتکەوتەکانی ئەو کۆنگرەیە «پشبەستنی بوو بە کارنامەی جیهانی کە لەلایەن گشــت وڵاتانی ســەر بــە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بونیــاد دەنرا و ئامانجەکەی زیاتــر زامنکردنی تێکەڵاوبوونی ژنــان بوو بە

گشت بوارەکانی ژیان، بۆیە کۆنگرەکە ساڵەکانی نێوانی ١٩٧٦-١٩٨٥ ناونا «گرێبەستی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بۆ ژنـــان» لـــە باوەڕبوونییەوە بەوەی دەشێت ئەو گرێبەستە ماوەیەکی باش و تەواو بێت بۆ هێنانەدی ئامانج و جێبەجێکردنی پلانەکانی لە بواری کردەیـــی و جێبەجێکردندا (جگە لەوەی بەهۆی بەتەنگەوە بوونی کۆنگرەکە لەســـەر زامنکردنی پەوپەوەی پلانی کارکردنەکە بە ئاڕاستە ڕاستەکەیدا لیژنەی بەدواداچوون ڕای لەسەر بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی جیهانی دیکە دەربڕی لە ناوەڕاســتی ئەو سەدەیەدا. ئەوەش وایکـــرد لەنێـــوان ٤ و ٣ ی تەممـــوزی ســـاڵی ١٩٨٠ دا ئەو کۆنگرەیە لە شـــاری «کوبنهاگن ـ دانیمارکـــدا ئەنجـــام بدرێـــت لەژێر دروشـــمی «گرێبەســـتی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بۆ ژنانی جیهانی: یەکســـانی و پەرەپێدان و ئاشتی» وە بە تێپەڕبوونی دەیەمین ساڵیادی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٨٩، نزیکەی ١٠٠ وڵات ڕەزامەند بوونی خۆیان دەربڕی لەسەر پەیوەستبوونیان بە باشی و پوختی کارەکانەوە. بۆیە ژمارەی ئەو وڵاتانەی چوونە پاڵ ڕێکەوتننامەکەوە تا ڕێکەوتی ٢٨ ی تشرینی دووەمی ســـاڵی ٢٠٠٢ گەیشتە (١٧١) بەشێوەیەک کۆمەڵەی گشتی ڕۆژی ٢٥ی تشرینی

هەولنامەی کتێب

دووەم بە ڕۆژی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند تایبەت بە لەناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان بە مەبەستی ڕێکخستنی چالاکییەکانیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکانی بانگ کرد لەو ڕۆژەدا کەمەبەست لێی هەوڵدان بوو بۆ زیادکردنی هۆشمەندی گشتی.

پاش ئەوە چاوپێکەوتن و کۆنگرەکان سەبارەت بەدواداچوونی پلانە دراسەکراوەکانی کۆنگرەکانی پێشووتر بەردەوامییەتی هەبوو، کە لەنێوانیاندا کۆنگرەی نیروبی/کینیای ساڵی ١٩٨٥ بوو کە ئەنجامدرا بۆ نیشاندان و دەرخستنی ئەو پێشکەوتنەی بەدەستیهێنا لە جێبەجێکردنی پلانی کارکردنی جیهانیدا پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر کۆتی جێبەجێکردنیدا. هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ڕێگری و بەربەستانەی بەگشتی بوونە هۆی تێپەڕاندنی لەڕووی جێبەجێکردنەوە لە گشت وڵاتانی دونیادا، جگە لە بەستنی کۆنگرەی دانیشتوان و پەرەپێدانی کە ساڵی ١٩٩٤ لە قاهیرەدا بەسترا، وە کۆنگرەی بەکین کە لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەنجامدرا، پاشان لە کۆتاییدا کۆنگرەی بەکین کە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لە نیویۆرکدا ئەنجامدرا. ئەوەی تایبەتکرا بە لێکۆڵینەوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی دەرچوون لە

کۆنگرەی بەکین سەبارەت بە ژنان ساڵی ١٩٩٥.
لە پێنج ساڵی ڕابردوودا و پلاندانان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو لەژێر دروشمی «ژنان ساڵی ٢٠٠٠: یەکسانی لەنێوان ڕەگەزەکان و پەرەپێدان و ئاشتی لە سەدەی بیست و یەکدا» وە بێگومان دیارترین و گرنگترین ڕاسپاردەکانی لە کۆنگرەی بەکیندا دەرچوو کارکردنە سەبارەت لابردنی پاراستنەکان لەسەر ڕێکەوتننامەی لەناوبردنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان و کارکردن لەسەر دواپەسەندکردنی، ئەوەش لە ساڵی ٢٠٠٥.
هەروەها ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە پشتیوانی و پشتگیری ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی ژنانەوە کە لەسەر ئاستی جیهانیدا جەختی کردەوە لەسەر گرنگی کارکردن بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان، جگە لەوەی خەسڵەتی شەریکی خستەپاڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەسپاندنی بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤ کە پەیوەندیدارە بە ژنانەوە. وە گرنگترین ئەو دەسپێشکەرییانە:

* هەڵمەتی جیهانی کە لەلایەن کۆمەڵەکانی ژنانەوە ڕێکدەخرا بۆ دانانی مافە مرۆییەکانی

ژنـــان و توندوتیژی دژ بە ژنان بۆ ناو بەرنامەی کۆنگـــرەی جیهانـــی مافەکانی مرۆڤ ســـاڵی ١٩٩٣.

* هەڵمەتی بەهێزکردن و هاندانی میکانیزمی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بۆ قســـەکەرەکانی بابەتی توندوتیـــژی دژ بە ژنان کە لەنێوەندیدا دامەزراندنی بڕیاردەرێکە بۆ لیژنەی توندوتیژی دژ بە ژنان

* دەستپێشخەری لەلایەن یاریدەدەرەکانی مافەکانی ژنان بۆ زامنکردنی بارودۆخی مافەکانی ژنان لەنێو چوارچێوەی گشتی پرۆگرامی کاری نێو دەوڵەتی بۆ کۆنگرەی ژنان.

*ســـەرکردایەتیکردنی هەڵمەتـــەکان بـــۆ دۆزینەوە و تۆمارکردن و بەڵگەداری لاقەکردنی ژنـــان وەک تاوانێک لە تاوانەکانـــی جەنگ لە هەریەک لە وڵاتانی ڕواندا و یۆغسلافیادا.

## توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٠٢، دەریخست بەشێوەیەک لە شێوەکان لە جیهاندا و لەنێوان هەر سێ ژنێکدا یەکێکیان دووچاری لێدان یا زۆرلێکردن دەبنەوە لەسەر پیادەکردنی سێکس یان خراپ مامەڵەکردن، وە زۆرجار ئەو پێشێلکاریانە بۆ مافەکانی ژنان بەهۆی مرۆڤێکەوە دەبێت کە دەیناسن.

زوربەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی ڕێکخراوە مرۆییە ناحکومییەکان ئاماژەیان بەوە کرد لایەنی کەم لەهەر ڕۆژێـک لە ڕۆژەکانی ژیانی ژناندا لە هەر سێ ژنێکدا یەکێکیان ڕووبەڕووی لێدان یان زۆرلێکردن و سوکایەتی دەبنەوە، هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی باسی لەوە کرد نزیکەی ٧٠٪ ی قوربانیانی تاوانەکانی کوشتنی مێینەکان بە دەستی هاوڕێ کورەکانیانەوە دەبێت، جگە لەوەی بەپێی باسکردنی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژنان و منداڵان نزیکەی ٨٠٪ ی کوژراو و بریندارەکانیان بەهۆی بەکارهێنانی ئامێر و چەکە بریندارەکانەوە دەبێت. وە لە گشت ساڵێکدا ملیۆنەها ژن و کچ ڕووبەڕووی لاقەکردن دەبنەوە لەسەر دەستی کوڕانی هاوڕێیان یان

خزمەکانیان یاخود هاوڕێ و کەسانی نامۆوە، یان لەسەر دەستی خاوەن کارەکان، برادەران، جەنگاوەر و تاکەکانی کۆمەڵە چەکدارەکان. وە لە فەرەنسادا ۹۵٪ ی قوربانیانی توندوتیژی ژنانن، ۵۱٪ یان دەرئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەیانە بە لێدان لەلایەن مێردەکانیان یان هاوڕێکانیانەوە. لە کەنەدا ٦۰٪ ی پیاوان توندوتیژی پیادە دەکەن، ٦٦٪ ی گشت خێزانەکان دووچاری توندوتیژی دەبنەوە. لە هندا (۸) ژن لەنێوان هەر ۱۰ کەسێکدا قوربانیانی توندوتیژین، گەر توندوتیژی خێزانی بێت یان کوشتن. لە بیرودا ۷۰٪ ی تاوانە تۆمارکراوەکانی لای پۆلیس ژنانن کە لەلایەن مێردەکانیانەوە ڕووبەڕووی لێدان بوونەتەوە، لە زەهانێدا ٦۰۰٪ ی ژنانی تورکیا سەرو تەمەنی ۱۵ساڵ ڕووبەڕووی توندوتیژی یان لێدان یاخود سوکایەتی و کوێرەوەری دەبنەوە لەسەر دەستی پیاوانی نێو خێزانیان گەر لەلایەن مێرد یان دەزگیران یاخود هاوڕێ و باوک و برا و خەزورەوە بێت وە ۵۰٪ ی ئەو ڕێژەیەی باسکرا بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە، جگە لەوەی ئەو ژمارانەی لە لێکۆڵینەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە تایبەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان دەردەکەوێت ڕێژەیەکی

بەرزی ژنـــان لەلایەن هـــاوکارە نێرینەکانیانەوە دووچـــاری توندوتیژی دەبنـــەوە، ئەوەش بەپێی ئەنجامدانـــی لێکۆڵینەوەیەک لە ســـاڵانی جیاواز لەو وڵاتانـــەدا. وە لـــە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانـــی پەیوەندیدار بـــە توندوتیژی خێزانییەوە کـــە لە هەر یەک لەم وڵاتانەدا ڕوویدا: ئەثیوبیا، بەرازیل، بەنغلاد، بیرو، تایلەند، تنزانیا، سرپیا، ساموا، نامیبیا و یاباندا، دەرکەوت ڕێژەی توندوتیژی جەستەیی کە لەلایەن هاوەڵ یان شـــەریکێکی نزیکەوە ئەنجام دەدرێت لەهەر کاتێک لە ژیانی ژندا لە نێوەندی ١٣ و ٦١٪ دایە هەر وەک چۆن لێکۆڵینەوەکانی وادی کچان لە ئوســـتورالیا و خـــوارووی ئەفریقیا و کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە نێوەندی ٤٠-٧٠٪ی ئەو ژنانەن کە کوژراون، بە دەستی مێردەکانیان یان هاوڕێکانیان. وە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرکەوت دووەم هۆکاری گەورە بۆ مردنی ئەو کچانەی تەمەنیان لە ١٥-١٨٪ ساڵیدان ٧٨٪ یان لە قوربانیانی کوشـــتنی بەئەنقەستن هەروەها کوشـــتنیان بە دەست کەسێکی ناسراو یان هاوکارێکی بەهێزەوە بـــووە، وە دەوترێت لە کۆلۆمبیادا لە هەر شەش ڕۆژێکدا ژنێک بە دەست شەریکێکی ئێستای یان ڕابردوویەوە دەکوژرێت.

# ئاسەوارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیـــژی دژ بـــە ژنان بە دەســـتدرێژی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت بۆ ژنان، بەشێوەیەک بێبەشـــی دەکات لە چێژ وەرگرتنی مافە مرۆیی و ئازادییە ســـەرەکییەکانی وەک مافی لە ژیان و تەندروستی و نیشەجێبوون و بەشداریکردنی لـــە ژیانـــی گشـــتیدا، بۆ ئـــەوەش ئـــاکام و ئاسەواری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و تێچوونە ئابوورییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە ئاســـەوارە تەندروستییەکانی: تووشبونە بـــە خراپی تەندروســـتی لەڕووی جەســـتەیی و کۆئەندامییـــەوە، بەشـــێوەیەک نەخۆشـــی تەندروســـتی ئەقڵـــی لەســـەر ئـــەو ژنانـــە دەردەکەوێت کە دەســـتدرێژییان کراوەتە سەر، جگە لە بەجێهێنانی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانیدا.

هەروەها ئـــارەزوو و حەزیان زیـــاد دەکات بۆ وەرگرتنی خواردنەوە ڕۆحییەکان و هۆشبەرەکان و نەخۆشی لەڕووی تەندروستی سێکسییەوە و هەوڵدان بۆ خۆلەناوبردن و دڵەڕاوکێی بەردەوام و شڵەژانی ئامێری ناوەندی دەمارگیری، بەدەر لە تووشبوونی جەستەیی وەک: شکان و ئازاری

بەهێز و زۆرێک لە ئازارە تەندروستییەکان. وە مەترسیدارترینی ئەو جۆرە ئاسەوارانە بۆ ئەو کەسەی دەستدرێژی کراوەتە سەر مردنە، گەر کاریگەری ئەو توندوتیژییە بوو بێت کە دژی پیادە کراوە یان دەرئەنجام بێت بۆ خۆلەناوبردنی. لەگەڵ ئەوەشدا چەند لێکۆڵینەوەیەک ڕوونی کردەوە پەیوەندییەکی گەشەکردوو و گەورە هەیە لەنێوان توندوتیژی دژ بە ژنان و کەمی ڤایرۆسی بەرگری مرۆیی (ئایدز). بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە خوارووی ئەفریقیا لەسەر (١٣٦٦) ژن ئەنجامدرا ئەگەری تووشبوونی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە لەلایەن شەریکەکانیانەوە بە کەمی ڤایرۆسی بەرگری مرۆیی زیاتر دەبێت لە ئەگەری تووشبونی ژنانی دیکە بە ڕێژەی ٤٨٪. هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا توندوتیژی هەڕەشە لە ئاسایشی ژنان دەکات و بێبەشی دەکات لە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەناو کۆمەڵدا بەجۆرێک ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کەمتر ئەگەری بەدەستهێنانی وەزیفە یان کارکردنیان هەیە لە وەزیفەدا و دوردەخرێنەوە لە بەرزبوونەوەیان لە وەزیفەدا. وە توێژینەوەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن توندوتیژی دژ بە ژنان لە

خێزاندا و توندوتیژی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەتینیـــان هەیە جگە لەوەی بینینی توندوتیژی خێزانـــی بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام دەشـــێت ســـەرەتایەک بێت بۆ ئـــارەزووی خراپەکردن. یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخست منداڵانی ئەو ژنانەی لەلایەن شەریکەکانیانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە ئەگەری زیاتری مردنیان هەیە پێش تەمەنی پێنج ساڵ بە پێنج ئەوەندەی منداڵانی دیکە. هەروەها توندوتیژی دژ بە ژنان بە تێچوونێکی کۆمەڵایەتیی ناوزەند دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە. بەشـــێوەیەک دەبێتە هۆی کەمیی هاوکاری و بەشداربوونیان لە بەروبوومەکانی ناو خێزاندا و کەمبوونی بەروبوومە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و سستمی داد، هەروەهـــا توانا داهێنەرەکان کـــەم دەکات. لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ســـەبارەت بە «مەزەنـــدەی بنکەکانی چاودێـــری و پاراســـتن لە نەخۆشـــییەکان» بۆ ســـاڵی ۲۰۰۳ ئاماژە بـــەوە دەکات تەنها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکادا تێچوونی توندوتیژی سێکسی لە ســـەروو ٨,٥٪ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە لە ســـاڵێکدا، لەوانە ٤,١٪ ملیـــۆن دۆلاری ئەمریکی ڕاســـتەوخۆ تەرخان

دەکرێت بۆ خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی تەندروستی و پزیشکییەکان، لە کاتێکدا تێچووی زیانەکانی بە نزیکەی ٨,١٪ ملیار دۆلاری ئەمریکی ناوزەند دەکرێت. وە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٦ سندوقی باوەڕمەندێتی یان دڵنیاییان دامەزراند بۆ لەناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان کە لەلایەن سندوقی باوەڕمەندێتی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەو سندوقە بە ئامرازێکی پشتیوانی فرە لایەن دادەنرێت کە یارمەتی و پشتگیری توانا ناوخۆیی و نیشتمانی و هەرێمییەکان دەکات کە ئارەزومەندن بۆ لەناوبردنی توندوتیژی. وە لە کاتی سەرپەرشتیکردنی کارەکانەوە ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن ئەو سندوقەوە زیاتر لە ١٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بەدەستهێنا بۆ پشتگیری ٢٦٣ دەسپێشخەر بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ١١٥ وڵاتدا. وە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی ژنان و ئەو توانایانەی کە سندوقی باوەڕمەندێتی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە پشتە جەختی کردە سەر پێکهێنانی پەیوەندی لەنێوان چالاکوانان و بانگەشەکەران لە گشت

ناوچەکانی دونیادا. وە ڕوونی کردەوە کە چۆن دەشێت بۆ دەستپێشخەرە بچوک و داهێنەرەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕینی یاسا و سیاسەت و ڕەفتارەکانیان، هەروەها کاری لەسەر لێکترازان و شکانی دیواری بێدەنگی کرد بە دانانی دیاردەی توندوتیژی بە ئەولەویاتی کۆمەڵە گشتییەکە لە گشت ناوچەکانی جیهاندا.

# توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیهانی عەرەبیدا

ئەقڵییەتــی نێرســالاری لــە ناوەندەکانی بڕیارســازیدا بــۆ ماوەیەکــی زۆر زاڵبــوو و جەختی کردەوە لەسەر چەسپاندنی بیری ڕۆڵە باوەکانــی ژنان تەنانەت دانانــی بە بەهایەکی جێگیر و بەڵگەنەویســت نــەک تەنها لە بیر و هۆشــی پیاواندا، بەڵکو لە هۆشــی ژنانیشدا. وە گۆڕانکارییەکان لەســەر واقعی کۆمەڵایەتی گشــت بوارەکاندا ڕوویاندا، لەوانە بواری ژنان بوو کە سەر لەنوێ پیاچونەوەی بەسەردا کرا و هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو شێوازە وێناکردنەیدا کــە بۆ ماوەیەکــی زۆر چەســپێنرا بوو، جگە لــە هۆشــمەندکردنەوەی لایەنێکی ســەرەکی پەرەپێــدان، بەڵام تا ئێســتا بەربەســتەکان ڕێگــرن لە گەشــەکردن و بارگرانی بۆی وە تا ئێســتا کۆمەڵگــە عەرەبییــەکان کۆمەڵگەی نێرســالارن و ڕێگــرن لەبــەردەم ژنانــدا بۆ پیادەکردنی کارەکانیان، چونکە وەک لایەنێکی

لاواز دەبینرێــت کە پێویســتی بە پارێزگاری و پاراســتنی پیاوان دەبێــت، مێرد بێت یان برا و باوک کــە ڕوپێوی بەشــداریکردنی ژنان لە ژیانی گشــتیدا دیــاری دەکات. وە لە ماوەی دوو ســەدە و نیودا زوربەی وڵاتە عەرەبییەکان چوونە پاڵ ڕێکەوتننامەی نەهێشــتنی گشــت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، لە کاتێکدا چونەپاڵەکانیان گرێدراوی چەند پاراستنێکە کە ئەو وڵاتانە هێدی هێدی هەوڵیان بە کشانەوەیدا لەڕێگــەی گونجــان و ڕێکەوتنــەوە لەنێــوان ڕێکەوتننامەکە لەلایەک و ناوەڕۆکە تەشریعاتە نیشتمانییەکان لەلایەکی دیکە . هەروەها ژنانی عەرەب تا ئێســتا لە پرۆژەکانــی پەرەپێدانە مرۆییەکاندا پەراوێزخــراون کە یارمەتیدەرە بۆ گەشــەکردنی وڵاتە عەربییەکان، وە تا ئێســتا ژنان بەتەواوی نایەکســانن لەگەڵ پیاواندا لەو دەرفەتانەی دەڕەخسـێت لە بــەردەم هەردوو لایەندا لەســەر زەمینەی لێهاتوویی و توانا و تا ئێستا لە مافە سیاسییەکانیشدا بێبەش و دوورن لە بنکەکانی ســەرکردایەتیکردنی بڕیارسازیدا. وە لــە ١٥-٩-١٩٩٤ لەلایــەن ئەنجومەنــی زانکۆی وڵاتــە عەرەبییەکانەوە بەڵگەنامەیەکی عەرەبی دەرچوو تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ کە

مــادەی ٢ی بەڵگەنامەکە باس لە بەڵێن دەکات بەم شــێوەیە «هەموو وڵاتێــک لایەندارە لەم بەڵگەنامەیەدا بــەوەی کەفالەتی هەر مرۆڤێک بکات کە لەســەر زەوییەکەی دەژی و ملکەچە بۆ دەســەڵاتەکەی و مافی چێژوەرگرتنی هەیە بە گشــت ماف و ئازادییەکانی تیایدا هاتووەوە بێ هیچ جیاکارییــەک بەهۆی توخم یان ڕەنگ یاخود ڕەگــەز و زمانــەوە بێت...هتد» ئیدی بەو شێوەیە بەڵگەنامەکە جیاکاری دژ بە ژنان ڕەتدەکاتــەوە و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە گەر هەر وڵاتێک پەســەندی نــەکات، جگە لە عێراق لەو کاتەدا بەهۆی گیروگرفت و کۆســپی بەڵگەنامەکــە و کەموکورییەکانــی، ڕۆژی٤-٣-٢٠٠٤ ئەنجومەنی زانکــۆی وڵاتە عەرەبییەکان لەســەر ئاســتی وزاریدا بــە گومان بــوو لە ڕاگەیاندن و باسکردنی ئەو بەڵگەنامەیە و دەق و ناوەڕۆکێکی نوێی بیروباوەڕیانەی چەســپاند کــە بێگومان باشــترە لە دەقەکەی پێشــتر. وە مافەکانی ژنانیش چانســیان لەو باسکردن و ڕاگەیاندنانــەدا هەبوو بەشــێوەیەک ئەوەی چەسپاند کە «پیاو و ژن یەکسانن لە کەرامەتە مرۆییەکان، مــاف و ئەرکەکانیان لە تارمایی و سێبەری ئەو جیاکارییانەی شەریعەتی ئیسلامی

چەسپاندویەتی، جگە لە ئاسمانییەکانی دیکە و تەشــریعات و بەڵگەنامەکانی جێبەجێکراون لە بەرژەوەندی ژناندا. لەســەر ئەو بنەمایە بەڵێن دەدات گشــت وڵاتێک لایەندارە لە وەرگرتنی و گشــت تەکبیرکردنێکی پێویست بۆ زامنکردنی هاوتوانایی دەرفەت و یەکســانی ڕاستەقینەی نێوان ژنان و پیاوان لە چێژوەرگرتندا بە گشت مافەکانی کە لــەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە.» لە ڕوانگەی وەرگرتنمان بۆ وڵاتە عەرەبییەکان کە زیاتر مۆرگەی ئیسلامی بەسەردا زاڵە پێویستە ڕووبکەینە هەڵوێستی ئیسلام لە توندوتیژی دژ بە ژنان بە تایبەت کە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان لە پاراستنەکانیاندا پشتیان بە ڕێکەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤ بەست بەتایبەت ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنــان لە هەندێک لە بەندەکانی کە ســەرپێچی یاسای ئیسلامییە.

# بارودۆخی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا

## میسر

کۆماری میسری عەرەبی لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەوڵی چاکسازی یاسایی دا کە تایبەتە بە بارودۆخی ژنان، بەڵام لە کۆمەڵگەی میسریدا نایەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز تا ئێستا بەردەوامییەتی هەیە . وە لە کانونی دووەمی ساڵی ۲۰۰۰ پەرلەمان هەستا بە پاکتاوکردنی یاسای باری کەسێتی بۆ ئەوەی ئیمکانییەتی داواکردنی تەڵاق بۆ ژنان دابین بکات لە مێردەکانیان بێ سەلماندنی ئازاردانیان لەڕووی مامەڵەکردنی مێردەکانیانەوە، وە لە پایزی ساڵی ۲۰۰۰ دا دادگاکانی میسر ئەو یاسایانەی ڕەتکردەوە کە ڕێگری ژنانیان دەکرد لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی گەشتکردن یان سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات بێ ڕێپێدانیان لەلایەن باوک یان مێردەکانیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنانەی ۲۸٪ ی هێزی کاری

پیشـــەیی و تەکنیکییان پێکهێنا تەنها ١٦٪ ی کارگێـــڕی و بەڕێوەبردنـــەکان پێکدەهێنـــن لە میســـردا و ٥٪ لە گەورە بەرپرسانی حکومی لە ساڵی ١٩٩٨. هەروەها میسر پەیوەست دەبێت بە زیاتر ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ ژنان. وە لە ســـاڵی ٢٠٠١ دا ڕێـــژەی نەخوێندەواری لەنێوان ئـــەو ژنانەی تەمەنیان لە ١٥ ســـاڵی زیاترە گەیشـــتە ٥٢,٢٪ بەرامبەر بە ٣٢,٨٪ ی پیاوانـــی هەمـــان تەمـــەن. وە لـــە ناوچە لادێنشینەکاندا کەلێنێکی ئاشکرای نێوان هەردوو ڕەگەز هەیە لە ســـەرجەمی ئەوانەی پەیوەندی دەکەن بە قوتابخانەکانەوە و هۆکاری سەرەکی ئـــەو کەلێنەش خۆی لە فشـــارە ئابورییەکاندا دەبینێتەوە کـــە خێزانەکان ناچـــار دەکات بە دەرکردنـــی منداڵەکانیـــان لـــە خوێندنگەکاندا بۆ کۆکردنـــەوەی داهاتێکی زیاتـــر بۆ خێزان. وە بێگومـــان لەو کاتـــەدا ئەولەویەت بە کچان دەدرێـــت تا لە خوێندنگەکاندا دەربکرێن. وە لە ساڵی ١٩٩٦ حکومەتی میسری لە ڕاپۆرتەکەیدا جەختـــی کـــردەوە لەســـەر «ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شـــێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنـــان» بۆ زیادکردنی دەرفەتی خوێندنی کچان بەتایبـــەت لە ناوچە لادێکاندا وە لە ئێســـتادا

ژنان زوربەی ئـــەو خوێندکارانە پێکدەهێنن کە گەڕاونەتەوە بۆ خوێندنـــی زانکۆ. جگە لەوەی لە شەســـتەکانەوە ژنان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بواری کۆمەڵایەتیدا. وە ٣٠٪ ی کۆی کارکردوان پێکدەهێنن لە ئابوری ڕەسمیداساڵی ١٩٩٨ وە بەشـــێکی بچوکی ئەو کارکردوانە پیشەی ئازاد پیـــادە دەکەن لە بوارەکانی پزیشـــک، پارێزەر و کەرتـــی کارە بازرگانییەکانـــدا. هەروەها لە هـــەردوو ســـاڵی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ ژنان ٢٢,١٪ ی هێزی کاری میســـری پێکدەهێنن. وە ٣٥٪ ی ژنان لە کەرتی کشـــتوکاڵی و ٩٪ لە کەرتە خزمەتگوزارییەکاندا کار دەکەن، بەڵام لەڕووی پیشەییەوە ١٦٪ ی ژنان لە وەزیفەی کارگێڕی ئاساییدا کار دەکەن، لە کاتێکدا ٣١٪ی ئەوانە خاوەن پیشەی باڵای زانستی و تەکنیکین.

ساڵی ٢٠٠٥ تەنها (٤) لە ژنان هەڵبژێردران بۆ ئەنجومەنی گەل، بەڵام دوای ئەوە موبارەک وەک سەرۆک (٥) ژنی دامەزراند وەک ئەندامان لە ئەنجومەندا وەک بەشێک لە بەشی دەستوری. وە ئەنجومەنی شورا لەنێوان ئەندامەکانیدا (١٣) ژنیان لەخۆ گرت کە ژمارەیان ٢٦٤ بوو، وە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ ی ناوخۆییدا (٧٧٤) ژن ســـەرکەوتنی بەدەستهێنا بۆ کورسییەکانی

شارەوانی و ناوخۆیی لەنێوانیاندا (٧٥٠) ژن لە ئەندامانی پارتی دیموکراسی نیشتمانی بوو. وە حوسنی موبارەکی سەرۆک بۆ یەکەم جار لە میسر لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ بڕیارێکی دەرکرد بە دامەزراندنی خاتوونێک لە پۆستی دادوەریی دادگای باڵای دەستوریدا، بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجومەنی باڵای دادوەری (تهانی الجبالی) ی پارێزەری هەڵبژارد بۆ ئەو پۆستە، هەروەها دوو ژنی دیکە هەڵبژێردران بۆ ئەندامێتی دەستەی کۆمسیۆنی باڵای دادگای دەستوری ئەوەش ئەو دەستەیەیە کە راپۆرتەکان ئامادە دەکات بۆ دەستەی دادگا تایبەت بە دەستورییەتی ئەو یاسایانەی لەبارەیەوە سکاڵا بەرزکراونەتەوە وە «بنکەی عەرەبی سەربەخۆیەتی دادوەری و پارێزەران» خۆشحاڵی بەو دامەزراندنانە دەربڕی لەبەرئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە چاککردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە میسردا لە بواری وەرگرتنی وەزیفە گشتییەکاندا. هەروەها وەفاداری دەبێت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی میسر بەرامبەر رێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان وە موفتی میسر رێی (بە د. علی جومعە) دا لە ٤ ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ دا بە وەرگرتنی ژنان بۆ

پۆستی سەرۆکی وڵات، لەو ڕوانگەیەی ئەوەی بۆ ژنان ناگونجێت وەرگرتنی پۆستی «خەلافەتی موسـوڵمانان»ە، بۆ ئەو مەبەسـتەش موفتی وتی: پۆستی خەلافەتی موسوڵمان لە کولتورە ئیسـلامییە کۆنەکانە و لە کاتی شکستی وڵاتی عوسمانییەوە بوونی نەماوە. وە جەختی کردەوە کە ئیسـلام ڕێ لە ژنـان ناگرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی وڵات.

هەروەها ساڵی ۲۰۰۱ لە میسردا سەرجەمی کۆی پیتاندن ٣,٤٪ ی لە دایکبونەکانە بۆ یەک ژن. جگە لەوەی میسـر یەکەم وڵاتی عەرەبییە کە بونیادی سیاسەتی نیشـتمانی دانیشتوانی کردبێت سـاڵی ۱۹٦۲ بە ئامانجـی دابەزینی سـەرجەمی پیتانـدن. وە لێکۆڵینـەوەکان دەریانخست ژمارەی منداڵان لە خێزان و جۆری ڕەگەزیانـدا کاریگـەری هەیە لە هەڵوێسـتی باوانیان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەهێشتنی منداڵبـوون. وە ئەگەری ژنان بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی مەنعی سکپڕی لە زیادبووندایە پاش لەدایکبوونی یەکەمی سـێیەمین منداڵ، بەڵام ئەو ئەگەرە کەم دەبێتەوە ئەگەر منداڵەکانیان مێینە بێت.

## ئوردون

لەنێوان هـەردوو سـاڵی ٢٠٠١-٢٠٠٣ دوو پرۆژە یاسـای كاتی پەیوەندیدار بە مافەكانی ژنانـەوە تێپەڕێنرا، كە پرۆژە یاسـای یەكەم مافـی بەرزكردنـەوەی سـكاڵای دا بـە ژنان داوای تەڵاقـی تێـدا بكات لە كاتێكـدا پرۆژە یاسـای دووەم ئازادییەكی زیاتری بە دادگاكان بەخشی بۆ جێبەجێكردنی سزادانی توند لەسەر پیادەكەرانی «تاوانەكانی شەرەف» یان ئەتك، وە بەگوێرەی یاسای نوێ تەمەنی هاوسەرگیری بۆ نێر و مێیەكان لە ١٥ و ١٦ سـاڵییەوە بوو بە ١٨ سـاڵی بۆ هـەردوو ڕەگەزەكە. وە دوا هەڵبژاردنە تەشریعییەكان لە ئوردوندا لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ دا ڕوویـدا. ئەو هەڵبژاردنانە ژنانـی نائومێد كرد و لە كـۆی (٥٤) ژندا كە لە هەڵبژاردنەكاندا هەڵبژێردران هیچ یەكێكیان نەیانتوانی كورسـییەكی نوێنەرایەتی بەدەست بهێنـن لەگەڵ ئەوەی زیاد لـە (٤٠) ژن لەوانە بەشـداربووی چـالاك بـوون لـە خولەكانی ڕاهێناندا كە لەلایەن «پەیمانگای دیموكراسـی نیشتمانی»یەوە ڕێكخرا بوو. بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ (٦) ژن بوونە ئەندامانی پەرلەمان كە لەلایەن

مەلیــک عەبدوڵڵاوە بڕیاری لێــدرا بوو، وە ئەو ژنانە لە گشت ناوچەکانی وڵاتەکانەوە هەڵبژێردرا بوون باکور و باشــور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جگە لەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ژنە پاڵێوراوەکان زیاد لە دووئەوەندەی دەنگەکانی پاڵێوراوەکانیان بەدەستهێنا.

لە ئوردوندا ئامارەکانی خوێندن هێما بۆ ئەوە دەکەن یەکســانییەکی جێندەری هەیە لە ڕێژەی چوونە پاڵ خوێندنی گشــتییەوە و توانییان لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێژەیەکی بەرزی ئامانجەکانی خوێندن بەدی بهێنن، بەڵام بەرهەڵستییە گەورەکە لە دوو ئەوەندەی ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆکاندا دەمێنێتەوە بۆ کچان بەشێوەیەک گەیشتە ٣١٪ (ڕێژەی کچان لە ئوردوندا لەوانەی تەمەنیان لە چوونــە پاڵ خوێندنی زانکۆیە بە بەراورد لەگەڵ نێرینەکانــدا، ئەوە بە ڕێژەی نــزم دادەنرێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیادا کــە دەگاتە ٥٣٪، بەڵام ســەبارەت بــە ئامارە تەندروستییەکان پیتاندنی گشتی لە ئوردوندا کە دەگاتــە ٤,٣٪ بەرزترە لە ڕێژەکەی لە هەندێک وڵاتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیــادا وە لەگەڵ نزمی ڕێــژەی پیتاندن و پەیوەندییەکــەی بە ئاســتی خوێندنی ژنانەوە،

بەڵام تا ئێستا ئەو بوارە ڕووبەڕووی قورسی و بەرهەڵستی دەبێتەوە لەوەی پەیوەندیدارە بە زیادبوونی قەبارەی خێزان کە دەشێت ڕێگری پەرەپێدانی ژنان بکات لە هاوکاری و یارمەتییە ئابوری و سیاسییەکاندا. بەڵام لەڕووی ئابورییەوە پلەبەندی ئوردون ڕاستەوخۆ خوار لیستی وڵاتە نزمەکان دێت لە وڵاتانی خاوەن داهاتە مامناوەندەکانی دیکە بەدەر لە پێشبینییەکانی دەکرا کە پلەبەندییەکی بەرزتر لەوە بەدەست بهێنێت بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی باشبوونی بارودۆخی ژنان لە بواری خوێندن و تەندروستیدا. هەروەها ئاماژەکانی پێشکەوتنە ئابورییەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە یارمەتی و هاوکاری مێینەکان لە بازاڕی کاردا لە نێوەندی ١٢-٢٨٪، وە ئەو مەزەندەکردنانە بە نزم و خراپ دادەنرێت و ئوردونیش لە ڕیزی وڵاتە هاوشێوەکانی دانانێت لە داهاتدا.

ژنان لە ئوردوندا بەشێوەیەکی کەمتر لە هاوشێوەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا بەشدار دەبن لە پەرەپێدانی ئابوری کە کاری خۆیەتی ئوردون بێبەش بکات لە بەدیهێنانی تێڕوانینەکەی لە وەدەستهێنانی پێشکەوتن لە توانا مرۆییەکاندا وە ڕێگری توانا بەردەوامەکان بکات لە پەرەپێدانی

ژنان لەسەرگشت ئاستەکاندا ئەوەشە دەرئەنجامی باشی دەبێت لە چاککردنی جۆری ژیانیان و ژیانی خێزانەکەیدا بەدەر لە پاراستنی لە ئیستغلالکردن و توندوتیژی بەگشت شێوەکانییەوە.

راپۆرتی پێشکەوتنی ئابوری ژنان لە ئوردوندا (بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠٠٥) ئاماژە بەوە دەکات رێگرییە تەندروستی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و رۆشنبیرییەکان هەن رێ بە تێکەڵبوونی ژنان نادات لە ئوردوندا کە بەشداربوونی ئابوری بکەن وەک: بەرزبوونەوەی رێژەی پیتاندن، جیاکاری لە کرێ لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، بەرزبوونەوەی رێژەی بێئیشی و بێکاری لەنێوان ژناندا، ئیستیغلال نەکردنی توانای ژنان بە تێکەڵبوونیان لە کاری تایبەت و پەراوێزی پیشەیی و لاوازیی سیاسەتەکانی خوێندن کە تا ئێستا ماندەرە بۆ رۆڵی جێندەری بەدەر لە ئاراستە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی رۆڵە باوەکان لە خێزان و کۆمەڵگەدا دیاری دەکات (رێژەی چوونەپاڵی کچان بۆ خوێندنی باڵا ٣٣،٨٪ و رێژەی کچە سوودمەندەکان لە یارمەتی خوێندن ١١٪ لە ساڵی ٢٠٠٣ (وەزارەتی پەروەردەو خوێندن، ٢٠٠٥). (پەیوەندی لەنێوان پەرەپێدانی ئابوری و توانای ژنان لە

هاوکاریکردنـــدا لە بڕیارســـازیدا پەیوەندییەکی بـــاش و پتەوە. ژنان لە ئوردونـــدا دەناڵێنن بە لاوازیی نوێنەرایەتییان لە شوێنەکانی بڕیارسازیدا بەتایبەت لە بواری سیاسیدا وە ئەگەر پشتیوانی سیاســـی و ئیرادەی سیاسی مەلیک عەبدوڵڵای دووەم نەبوایـــە لە پشـــتگیریکردنی بەشـــداری ژناندا بە داهێنان و دۆزینەوەی سســـتمی کۆتا لە پەرلەمان و دامەزراندنەکانی شـــوێنە باڵاکانی بەڕێوەبردندا ڕێژەیەکی کەمیشیان نەیاندەتوانی بچنـــە ناوجەرگەی کاری سیاســـییەوە. وە ژنان ڕێـــژەی ٢٨ ,١٤٪ ی کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی پیاوماقوڵان و ٥ ,٥٪ ی کۆی ئەندامانی نوێنەران پێکدەهێنن بۆ ســـاڵی ٢٠٠٧. بەڵام ڕێژەی ژنان لە وەزارەتی ئێســـتادا (تا مانگی ئایاری ٢٠٠٨) ٢٨ ,١٤٪ کـــە لـــە ٢٨ وەزیـــردا (٤) یان ژن بوون. وە ئەو بەدەستهاتوانەی هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ژنان تەحەمولی دەکەن لـــە بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانـــدا لـــە هەمەڕەنگیدایە لـــە کاتێکدا ژنان سەرۆکایەتی خێزانێکیان دەکرد لەنێوان هەر ١١ خێزانێکدا ساڵی ١٩٧٩ وای لێهاتووە سەرۆکایەتی یەک خێزان دەکات لەنێو هەموو نزیکەی ٨ خێزان ساڵی ٢٠٠٢.

# فەڵەستین

ژنـــان لە کەرتی غــەززە و زەفەی ڕۆژئاوادا ڕووبــەڕووی بەشــێکی گــەورەی جیــاکاری کۆمەڵایەتی و نایەکســانی دەبێتەوە. خەباتی فەڵەســتینی دژ بە ئیســرائیل هاوکار بوو لە دروســتبوونی بزوتنەوەیەکــی ژنانەی چالاک و بەهێزدا و بەشێکی سەرەکی پێکهێنا لە خەباتی نیشتمانیدا. وە لە کاتی ڕاپەڕیندا ژنانێکی زۆر بەشدارییان کرد لە بەرگری و بەرهەڵستکاری و خۆپیشاندانەکانی دژ بە حکومەتی ئیسرائیلی، وە لە کاتی ڕێکەوتننامەکانی ئۆسلۆوە ساڵی ١٩٩٣ بزوتنەوەی ژنان چالاکییەکانیان لە بەرفراوانیدا بوو بۆ ئەوەی بەرهەڵستی جیاکاری و توندوتیژی و مەســەلەکانی دیکە بکاتەوە کــە تایبەتە بە ژیانی ژنانی فەڵەستینەوە. بەڵام هێز و توانای ئەو کۆمــەڵ و گروپانەی ژنان بە ســنورداری مایــەوە دەرئەنجامی کەمیــی بەروبوومەکان و بەرهەڵستی ڕۆشنبیرییە باوەکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. جگە لەوەی بەشداریکردنی ژنان لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان و شەڕکردن لە کاتی ڕاپەڕینەکاندا کەمتر بوون وەک لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا وە هەندێک تێبینی و سەرنجی ئەوەی

هەبوو کە ژنـــان لە ڕووداوەکانـــی توندوتیژی دورکەوتنەوە، چونکە زوربەی بەریەککەوتنەکان لە جیاکەرەوە نیســـرائیلییەکاندا دەبوو لەسەر ســـنووری جیاکەرەوەی نێوان فەڵەســـتینی و نیســـرائیلییەکان. وە ژنان و کۆمەڵەکانی ژنان چالاکبـــوون لە پێشکەشـــکردنی هـــاوکاری و یارمەتیدانـــی بریندارە فەڵەســـتینییەکان. دوا بەرهەڵستی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی نیشتمانی فەڵەســـتینی دەبێتەوە بەرزبوونـــەوەی ڕێژەی گەشـــەی دانیشـــتوانە. وە کـــۆی پیتاندن لای ژنانی فەڵەســـتینی (٧) حاڵەتی لەدایکبوونە لە غـــەززەدا و (٦,٥) لەدایکبوونە لە زەفەی ڕۆژهەڵاتدا. وە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦، ژنان ٤٢٪ ی کۆی پاڵێوراوان پێکدەهێنن، بەڵام نوێنەرایەتیکردنیان لە حکومەتدا بە سنورداری مایـــەوە جگە لـــەوەی تەنها پێنج کورســـی لە کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پێکدەهێنن لـــە کـــۆی (٨٨) کورســـیدا و لـــە حکومەتی دەسەڵاتی نیشـــتمانی فەڵەستینیدا تەنها ژنێک وەزیرە. هەندێـــک وای دەبینێت بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری نێوان ژنان (٢٥٪) وایان لێکـــردن کە لە هەڵبژاردنەکانـــدا واز لە دەنگی خۆیان بهێنن بۆ کوڕانی خزم و کەسوکاریان.

# سوریا

پێکهاتەی دانیشتوان کاریگەریی ڕوون و ئاشکرای لە سیاسەتەکانی خوێندندا هەبوو. لەکاتێکدا کەلێنی نێوان نێرینە و مێینەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا کەمی کرد. بەڵگەیەکی بەرجەستە نییە لەوەی سیاسەتی خوێندن ئەم مەسەلەیە دەکاتە جێی بایەخی. تەنانەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی چوونەپاڵی مێینەکان بە خوێندنگە و زانکۆکانەوە کاریگەری گەورەی نەبوو لە خستنەسەر نیش و دامەزراندن. وە بەشێوەیەکی زیاتر و ئاشکرا ئەو لایەنگیرییە ڕەگەزییە دەردەکەوێت لە کەرتی تایبەتدا سەبارەت بەوانەی خوێندنی تەکنیکی یان تیۆری ناوەندیان بەدەستهێناوە. وە حکومەتی سوری بازدانی پێشکەوتنانەی بەدەستهێنا لە کەرتی خوێندندا. هەروەها ساڵی ١٩٨٠ ڕێژەی ژنانی پێگەیشتووی خوێندەوار لە ٣٣٪ەوە بەرزبۆوە بۆ ٦٠,٤٪ ساڵی ١٩٩٨. بەڵام ئەو ڕێژەیە تا ئێستا دواکەوتووە لە هاوشێوەکەی لەنێوان نێرینە پێگەیشتوەکانی کە دەگاتە ٨٧٪جگە لەوەی ژنان ٥٧٪ ی مامۆستایانی سوریی پێکدەهێنن، بەڵام ڕێژەکانیان لە مامۆستایانی

زانکۆکان تا ئێستا کەمترە لەوەی پێویستە. جگە لەوەی مێینەکان ٣٩٪ خوێندکارانی زانکۆ پێکدەهێنێت.

ساڵی ٢٠٠٠ ژنان ٢٧٪ی هێزی کار پێکدەهێنن، وە لە بنەڕەتدا جەختی کردەوە لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پزیشک و خوێندن و کەمینەیەکی کەمی ژنان خاوەنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی تایبەت بەخۆیانن. بەدەر لەوەی مافی هەموو ژنێکە مۆڵەتی لەدایکبوون بەدەستبهێنن بە پێدانی کرێ بۆ ماوەی هەشت هەفتە. هەروەها دەتوانن مۆڵەتی زیادە بە کرێیەکی کەم بەدەستبهێنن، جگە لەوەی لەسەر ئاستی نیشتمانی حکومەت پاراستنی منداڵ دابین دەکات لە خوێندنگە و شوێنەکانی کارکردندا بەرامبەر وێنە و باجێکی کەم. (بەشار ئەسد) وەک سەرۆک لە ٢٣ی ئازاری ٢٠٠٦ دا (دکتۆرە نەجاح عەتار) ی دامەزراند وەک جێگری دووەمی سەرۆک کۆماری کاروبارە ڕۆشنبیرییەکان. بەو شێوەیە (عەتار)بووە یەکەم ژنی عەرەبی کە بگاتە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار و تەمەنی ٧٣ ساڵ بوو، جگە لەوەی بە درێژایی ٢٤ ساڵ لە سوریا لە پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری کاری دەکرد. وە ساڵی ١٩٤٩ لە سوریادا ژنان

مافـــی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان بەدەســـتهێنا، هەروەها «ســـتراتیجییەتی نیشـــتمانی» ژنان ئامانجی گەیشـــتنی ژنانی دیاری کرد بۆ ٣٠٪ی پۆســـتەکانی بڕیارســـازی بە تێپەڕینی ساڵی ٢٠٠٥ وە ئەنجومەنی گەل لە ئێســـتادا لە کۆی ئەندامەکانی (٣٠) ژن لەخۆ دەگرێت کە (٢٥٠) کەســـن، وە تازەترین هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ساڵی ٢٠٠٣ ڕوویدا.

## لوبنان

لە لوبناندا ژنان ڕۆڵی چالاک دەگێڕن لە خوێندن و ئابوریدا، بەڵام بە ئێستاشەوە تا ئاستێکی زۆر لە دامەزراوە سیاسییەکاندا دورخراونەتەوە. بەڵام لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ و بۆ یەکەم جار لە مێژووی لوبناندا حکومەت دوو ژنی لەخۆ گرت ئەوانیش وەزیری پیشەسازی و وەزیری دەوڵەت بوو، بەڵام ئەم حکومەتە لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ دەستی لەکار کێشایەوە پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر ڕەشەکوژی سەرۆک وەزیرانی پێشـــوو (ڕەفیـــق حەریری) وە ئـــەو دوو ژنە وەزیرە بڕیـــار لە دامەزراندنەوەیـــان نەدرا لە حکومەتی تازەی لوبناندا کە لە ٢٧ی نیســـانی

ساڵی٢٠٠٥ دا پێکهات وە لە (١٢٨) کەسدا تەنها سێ ژن لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا بونیـــان هەبوو جگـــە لەوەی لـــە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کە لە ئایار و حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ دا ئەنجامدرا (٧٨) ژن گەیشـــتنە ئاستی ئەندامێتی لە ئەنجومەنی شـــارەوانییەکاندا کە دەکاتـــە نزیکـــەی ١٪ی کـــۆی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانـــە. هەروەهـــا حکومەتـــی لوبنانی دەستەیەکی نیشـــتمانی بۆ کاروبارەکانی ژنان پێکهێنا لەپێنـــاوی چاککردنی بارودۆخی ژنان. ئەو دەستەیە پلانێکی نیشتمانی بۆ ژنان دارشت و لیژنەیەکیشی بۆ کاروبارەکانی ژنان پێکهێنا. هەروەها لیژنەیەکی پێکهێنـــا بۆ کاروبارەکانی ژنان تایبەت بە سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی ئەو پلانە. پلانەکە هەوڵـــی پەرەپێدانی ژنانی دەدا، جگە لـــە ڕووبەڕووبونـــەوەی جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی پرۆژە جۆربەجۆرەکانەوە. لەوانە پێدان و پێشکەشـــکردنی قەرزی تایبەت و بچـــوک بۆ ژنانـــی هەژار. هەروەهـــا لیژنەکە هەســـتا بە جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ ئاشنابوونی ژنان بە مافەکانیان و پێشکەشکردنی وێنەی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر ژنان لە ژیانی گشتیدا.

له لوبناندا چەندین ڕێکخراوی ژنان دەرکەوتن کە بایەخ بە مەسەلەکانی یەکسانی نێوان نێرینە و مێینەکان دەدەن بۆ ئەو مەبەستەش ساڵی ١٩٩٤ «کۆمەڵەی لوبنانی بۆ بەگژاچونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان» دامەزرا بە ئامانجی بەگژاچونەوەی توندوتیژی سێکسی. جگە لەوەی حکومەت شکستی هێنا لە پێکهێنانی بنکەکان بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی. وە لە کۆمەڵەکانی ژنانی لوبنانی دیکە «لیژنەی مافە سیاسییەکانی ژنان» و «ئەنجومەنی ژنانی لوبنانی» و «کۆمەڵەی لوبنانی پارێزەران» و «ئەنجومەنی کۆمەڵەکانی ژنانی لوبنانی» کە هەڵدەستێت بە ڕۆڵی دەستەیەکی هاوئاهەنگی لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا. وە لە لوبناندا زوربەی ژنان خوێندنێکی باشیان دەخوێند و ڕێژەی نەخوێندەواری نێوان مێینە پێگەیشتووەکان ساڵی ١٩٨٠ لە ٣٧٪ دابەزی بۆ ١٩,٧٪ ساڵی ٢٠٠٠ وە ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێوان گەنجاندا گەیشتە تەنها ٨٪ وتەنانەت مێینەکان نیوەی خوێندکارانی زانکۆ پێکدەهێنن. جگە لەوەی ژنان سودمەند بوون بەو خوێندنە و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر ئەو پیاوانەی کەمتر خوێندەوارن لە هێزی کاردا. ژنانی لوبنانی ٢٩٪ی هێزی کار پێکدەهێنن و ژنانی

کارکردو خوێندەوارترن لــە نێرینە خزمەکانیان، چونکە خوێندن دەشــێت مەرجی پێشتر بێت لە چوونی ژنان بۆ هێزی کار. وە نزیکەی چارەکێکی ژنانی کارکردو ٢٤,٦٪ لە کەرتی زانستی پیشەیی و تەکنیکی بــاڵادا کار دەکەن. جگە لەوەی ژنان دەرفەتــی کاریان دۆزییــەوە لــە بەڕێوەبردنە حکومییەکان و پیشــە پزیشــکی و یاسایی و ئەکادیمــی و هونــەر و کارە بازرگانییەکاندا. بــەڵام بۆ بەدبەختی لەم بوارانەدا نەگەیشــتنە پۆستە باڵاکان تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت بۆ نموونە ٩٠٪ ی فەرمانبەرانی بانکەکان ژنانن، بەڵام لــە لوبناندا ژنان نییــە کار لە وەزیفەی بەڕێوەبــەری بانکدا بکەن وە زوربەیان ٨١٪ لە کەرتــە خزمەتگوزارییەکاندان، لە کاتێکدا ١٤٪ یان لە پیشەسازی و ٤٪ یان لە کشتوکاڵدا کار دەکەن.

# دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا

## میسر

لە میسردا گشت شێوازەکانی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤەوە بوونی هەیە هەر لە دەزگا حکومییەکانەوە تا دامەزراوە نیشتمانییەکان، لیژنەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان. وە لەسەر ئاستی حکومەتدا چەند بەڕێوەبردنێک هەیە: «کارگێڕی گشتی مافەکانی مرۆڤ» لە وەزارەتی داد ساڵی ٢٠٠١ کە ئەرکەکەی کارکردنە لەسەر ڕێکەوتن و ڕاهاتن لەنێوان تەشریعاتە نیشتمانییەکان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی میسر بە یارمەتی لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت، «نوسینگەی یارمەتی و وەزیری دەرەوە بۆ کاروبارەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مەسەلە مرۆییە کۆمەڵایەتییە نێودەوڵەتییەکان» (سەرەتای نەوەدەکان) کە ئەرکەکەی بەدواداچوونی تایبەتمەندکراوە بۆ

مەسەلەکانی پەیوەندیدارن بە مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا و بەجێهێنانی دیالۆگی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە چالاکەکاندا لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئامادەکردنی وەڵامەکان لەسەر سکاڵاکانی دێتە وەزارەتـــی دەرەوە یان ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ «نوســینگەی سکاڵای مافەکانی مرۆڤ» ی سەر بە نوسینگەی جێگری گشتی تایبەتە بە وەرگرتن و پشکنینی سکاڵا بەرزکراوەکان بۆ جێگری گشتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆدا ساڵی ٢٠٠٥ وە لە تەنیشت ئـــەو دەزگا حکومییانەوە لیژنـــەی بەردەوام بۆ مافەکانی مـــرۆڤ دامەزرا «لە ئەنجومەنی گەلدا لە کانونی دوەمی ســـاڵی ٢٠٠٥دا پسپۆڕییەکەی لێکۆڵینەوەی تەشـــریعاتەکان لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندیدارە بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ و ئەو سکاڵایانەی لە هاووڵاتیان و دەستەکانەوە پێشـــکەش دەکرێت تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها زیادکردنی پسپۆڕی مافەکانـــی مرۆڤ بـــۆ یەکێک لـــە لیژنەکانی ئەنجومەنـــی ڕاوێـــژکاران ســـاڵی ٢٠٠٥. وە لە

میسـردا سـێ دامەزراوەی نیشـتمانی بوونی هەبوو: یەکەمیان خاوەن پسـپۆڕییەکی گشتی و بەربڵاوە ئـەوەش «ئەنجومەنـی نەتەوەیی بـۆ مافەکانی مـرۆڤ» وە دوانیـان تایبەتن ئەوانیش «ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ دایکایەتی و منداڵێتـی» و «ئەنجومەنـی نەتەوەیی بۆ ژنان»وە بە بڕیارێکی سـەرۆک کۆمار سـاڵی ٢٠٠٣ «ئەنجومەنی نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ» دامـەزرا بەشـێوەیەک لەگـەڵ «بیروباوەڕی باریسـدا» ڕێـک و یەکانگیر دەبێتـەوە جگە لەوەی دوا بەدوای ئەنجومەنی ڕاوێژکاران دەبێت وە تایبەت دەبێت بـە بەهێزکردنی ڕێزگرتن و پاراسـتنی مافەکانـی مرۆڤ بەشـێوەیەکی گشتی، وە بڵاوبوونەوەی هۆشمەندی سەبارەت مافەکانـی مرۆڤ، وە ڕادەربڕین و پێشـنیار و ڕاسـپاردەی پێویسـت و گونجـاو لەوانەی لە لایەنـە حکومییە پسـپۆڕییەکانەوە بۆی دێت، وە وەرگرتنی سـکاڵا. هەروەهـا بەدواداچوون بـۆ جێبەجێکردنی پەیماننامـە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییـەکان دەکات کـە پەیوەندیـدارە بە مافەکانی مـرۆڤ و دەرچوونی ڕاپۆرتەکان لەسـەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتدا و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەسـەر چالاکی و توانا

و پێشــــنیارەکانی تایبەتن بە حاڵەتی مافەکانی مرۆڤ بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی گەل و ڕاوێژکاران. هەروەها بە بڕیارێکی کۆماری ژمارە ٩٠ ی ساڵی ٢٠٠٠ «ئەنجومەنی نەتەوەیی ژنـــان» دامــــەزرا بۆ ئەوەی ببێتــــە هەڵگرێکی سەرەکی مەســــەلەکانی ژنان لە ڕوانگەی برەو پێــدان و بازاڕگەرمی بۆ چەمکی پەرەپێدان بە بەشــداریکردن. وە ســـاڵی ١٩٨٨ بە بڕیارێکی سەرۆک کۆمار «ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ دایکان و منداڵان» دامەزرا و ســـاڵی ١٩٨٩ دەســـتی بە کارەکانـــی کرد. بەو پێیـــەی لایەنی باڵای نیشـــتمانییە کە بەرپرســـیارێتی دروستکردنی سیاســـەتەکان و ئاڕاســـتەکانی پەرەپێدانـــی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ پلانی نەتەوەیی پەیوەندیدار بـــە منداڵ و دایکان، هەروەهـــا بەدواداچوون و جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان بۆ پلانی نەتەوەیی لە گشت کەرتەکاندا. بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکانـــی کاردەکەن لە بواری مافەکانی مرۆڤ، ژمارەکەیـــان زیادی کرد بۆ ٤٠ کۆمەڵە کە هەندێکیان بە پسپۆڕی گشتی کار دەکەن لە هەردوو بواری بەهێزکردن و پاراستندا ).

## ئوردون

لە ئوردوندا گشت بابەت و شێوازەکانی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤەوە بونیان هەیە، هەر لە دامەزراوە نیشتمانییەکانەوە تا دەگاتە لیژنەکانی پەرلەمان، ڕێکخراوە تایبەتە ناحکومییەکانی مافەکانی مرۆڤ. «سەنتەری نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ» وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی دروستکرا بە گوێرەی یاسای ژمارە ٧٥ ی ساڵی ٢٠٠٢، ئامانج و هەوڵی بەهێزکردنی بیروباوەڕی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە وڵاتدا و جێگیربوونی ڕۆشنبیرییەکەی لەسەر هەر دوو ئاستی بیروڕا و پیادەکردندا، وە ڕێزگرتنی جیاوازی نەکردن لەنێوان هاووڵاتیاندا کە پسپۆڕییەکەی ئەمانە دەگرێتەوە: پێداچونەوە بە یاساکاندا، سەیرکردنی سکاڵاکانی پەیوەندیدارە بە مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی هەر زیادەڕۆیی یان دەستدرێژییەک بە ئامادەکردن یان ناردنی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان دەسەڵاتدانان یاخود دەزگای دادوەری پسپۆڕی بۆ وەستان یان نەهێشتنی ئاسەواری سەنتەرەکە سیفەتی چاودێری وەرگرت لە لیژنەی هاوئاهەنگی

نێودەوڵەتییەوە وە لەسەر ئاستی پەرلەمانیدا لیژنەیەک هەیە تایبەت بە ئازادییەکان و مافەکانی هاووڵاتیان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا وە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کاردەکەن لە بواری مافەکانی مرۆڤدا لەسەر ئاستێکی فراواندا جێی بایەخ پێدانن کە هەندێکیان وەک پسپۆڕێتی گشتی کاردەکەن وە لە هەردوو بواری بەهێزکردن و پاراستندا، وەک: «ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئوردوندا» (ساڵی ۱۹۸۷) و «کۆمەڵەی ئوردونی بۆ مافەکانی مرۆڤ» ساڵی (۱۹۹٦)، جگە لەوەی هەندێکیان تەنها پسپۆڕێتییان لە بواری بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، وەک «سەنتەری ڕاهێنانی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ» ساڵی (۱۹۹۸) و «سەنتەری عەممان بۆ لێکۆڵینەوەی مافەکانی مرۆڤ» ساڵی (۱۹۹۹)، یان لە بەشێک لە بەشەکانی ئازادییەکان، وەک «کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئازادی و ڕێڕەوی دیموکراسی» ساڵی (۱۹۹۳) و «سەنتەری پاراستن و ئازادی ڕۆژنامەگەری» ساڵی (۱۹۹۹) هەروەها هەندێکیان پسپۆڕێتییان هەیە لە پشتیوانی مافەکانی ئەو کۆمەڵانەی زیاتر پێویستیان بە پشتگیری و پشتیوانی هەیە وەک ژنان و منداڵان ، وەک « پەیمانگای

نێودەوڵەتی بۆ پشـــتگیری ژنـــان لە ئوردون» ســـاڵی (١٩٩٨) جگـــە لـــەوەی ئەنجومەنـــی نیشـــتمانی بۆ کاروبارەکانی خێزانی دروستکرد بەگوێرەی یاســـای تایبەت و بە ســـەرۆکایەتی مەلیکە «رانیا». ئەم ئەنجومەنە بایەخ دەدات بە گەشـــەکردنی سیاسەتە پەیوەندیدارەکان بە خێزان و بەتایبەتی لە بواری پاراســـتنی خێزان و منـــداڵ و ژناندا لـــە توندوتیژی و یارمەتیدان لە نوســـینەوەی ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدارن بە مافەکانی منداڵ و ژنانەوە.

# فەلەستین

لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فەلەستیندا شێوازی زۆر هەن لـــە دامەزراوەکانی کاردەکەن لە بواری مافەکانی مرۆڤ کە لایەنێک لەوانە پەیوەندییان بە قـــەوارە حکومییەکانەوە هەیە، وە یەکێکیان بـــە دامـــەزراوە نیشـــتمانییەکانەوە و هەندێکی دیکەیـــان بـــە ڕێکخـــراوە ناحکومییەکانـــەوە، لەسەر ئاستی قەوارە حکومییەکان ساڵی ٢٠٠٣ وەزارەتێکی تایبەت بـــە کاروباری ژنان دامەزرا، جگە لەوەی دەستەیەکی کاروبارەکانی ڕێکخراوە ئەهلییەکانیش دامـــەزرا هەروەها بۆ کۆمەڵگەی فەلەســـتینی دامەزراوەیەکی نیشـــتمانی جیاواز بوونی هەبوو بەناوی «دەســـتەی فەلەســـتینی سەربەخۆ بە مافەکانی هاووڵاتی «کە بەشێوەیەکی فەرمی لە ١٩٩٣/٩/٣٠ دا دامەزرا پێش دەســـت بەکاربوونی دەسەڵاتی فەلەســـتین، ڕاستەوخۆ پاش واژووکردن لەســـەر ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی (ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ). وەک جەختکردنەوەیەک لەســـەر وابەســـتەبوونی فەرمی فەلەســـتین بە دیموکراسییەوە وەک شێوەیەک بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی. وە بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیانی فەلەستین. جگە لەوەی بایەخ دەدات

بە پیاچونەوەی تەشریعاتە پێشنیارکراوەکان کە وەستاوەتە سەر زامنکردنی ڕێکەوتنەکەی لەسبەر بیروبـــاوەڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و چاودێریکردنـــی چالاکییەکانی دامەزراوەکان و دەستە گشتییەکان بۆ زامنکردنی پەیوەســـتبوونیان بـــە بیروباوەڕەکانیانەوە، وە زامنکردنی سەروەری یاسا و وەرگرتنی سکالاّ و ســـتەمەکان و بەدواداچونیان، هەروەها کارکردن لەســـەر بڵاوکردنەوەی هۆشمەندی بە مافەکانی مرۆڤ لـــە توێـــژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی فەڵەستینی و چۆنێتی پاراستنیان، وە دەستەکە ســـاڵانە ڕاپۆرتێک دەردەکات بۆ چالاکییەکانی و باری مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی فەڵەستیندا و ڕاپۆرتـــی تایبەت لە کاتی پێویســـتدا. بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییە کارکـــردووەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا کـــە لە هەمەڕەنگی پێکدێت و بارودۆخەکەی پڕە لـــە داگیرکاری و زەوتکردن. هەندێکیان کار دەکات بۆ پەیوەندی بە دەسەلاّتی فەڵەستینی و بە پشتگیری لێی وەک « یانەکانی ئەســـیر» و «مانگی ســـووری فەڵەســـتین» چارەسەری ئەو مەسەلانە دەکات کە جێی بایەخی تایبەتن لە بارودۆخی داگیرکاریدا و هەندێکیان لە ویلایەتێکی گشتیدا کار دەکەن وەک « سەنتەری

فەڵەستینی بۆ مافەکانی مرۆڤ» ساڵی (١٩٩٥) و «ڕێکخراوی ماف»

ساڵی (١٩٧٩) و «سەنتەری غەززە بۆ ماف و یاساکان» ساڵی (١٩٨٩) لە کاتێکدا هەندێکیان تایبەت دەکرێن بە مەسەلەی توێژێک یان کۆمەڵەیەک وەک مافەکانی ژنان یان مافەکانی منداڵ یاخود یارمەتییە یاساییەکان، جگە لەوەی هەندێکی دیکەیان چالاکییەکانیان لە بواری ڕاهێناندا چڕ دەکەنەوە.

## سوریا

له سوریا ژمارەیەکی دیاریکراو له ڕێکخراوه ناحکومییەکانــی که پەیوەندیدارن به مافەکانی مرۆڤــەوه هەن که زوربەیان وەک پســپۆڕێتی گشــتی کار دەکەن لەنێوانیانــدا «ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ له ســوریا» ســالّی (٢٠٠٤) و «لیژنەی بەرگری مافەکانی مرۆڤ له سوریا» سالّی (٢٠٠٠) و «کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ له سوریا» سالّی (٢٠٠١). وه له سوریادا هەندێــک دەزگای حکومی تایبەت به مافەکانی مرۆڤ بونیان هەیە، جگه له بوونی ژمارەیەکی دیاریکراو له ڕێکخراوه ناحکومییەکانی تایبەتن بــه مافەکانی مرۆڤ زوربەیــان کار دەکەن به پســپۆڕێتی گشــتی لەنێوانیاندا «ڕێکخراوێکی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ له سوریا» (٢٠٠٤) و «لیژنەکانی بەرگری لەسەر مافەکانی مرۆڤ له سوریا» سالّی (٢٠٠٠) و «کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ له سوریا» سالّی (٢٠٠١).

## لوبنان

لــه لوبناندا چەنــد شــێوازێکی تایبەت به دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ بونیان هەیە که

هەندێکیان گرێدراوی دەزگاکانی فەرمانڕەوان و هەندێکی دیکەیان لە چوارچێوەی پەرلەماندان بەدەر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وە لە نێوەندی ئاستی یەکەمی نموونەکاندا «لیژنەی نیشتمانی بۆ کاروبارەکانی ژنانی لوبنانی» دێت کە ساڵی ١٩٩٥ دامەزرا وەک کارکردنێک بە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی جیهانی بۆ ژنان لە بەکین، لەپێناو گەشەکردنی بارودۆخی ژنان و بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا وە لەسەر ئاستی پەرلەمانی «لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەراندا» دامەزرا بە ئامانجی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و زامنکردنی ئازادییە گشتییە تایبەتییەکان و بەهێزکردنی پیادەکردنی. هەروەها ڕەتکردنەوەی دەق و عورفەکانی کاردەکەنە سەر یەکسانیی نێوان کچان و کوڕان لە لوبناندا. وە پێکهاتن لەنێوان پەیڕەو و یاساکانی لوبنان و ڕێکەوتننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، جگە لەوەی لە لوبناندا زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەن کە کاردەکەن لە بواری مافەکانی مرۆڤدا جگە لەوەی هەندێکیان بە پسپۆڕێتی گشتی کار دەکەن وەک: «کۆمەڵەی لوبنانی مافەکانی

مرۆڤ» ساڵی (١٩٨٥) وە هەندێکیان تایبەتن بە مافەکانی ژنان وەک: «لیژنەی ئەهلی بۆ بەدواداچونی مەسەلەی ژنان» ساڵی (١٩٩٣) یان مافەکانی منداڵ وەک: «یەکێتی لوبنانی بۆ پاراستنی منداڵ» ساڵی (١٩٤٩) یاخود مافەکانی کۆمەڵە تایبەتەکان وەک: «کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان» ساڵی (١٩٨٨) جگە لەوەی هەندێکیان تایبەتن بە مەسەلە دیاریکراوەکانەوە وەک: «بزوتنەوەی مافەکانی خەڵک» ساڵی (١٩٨٩) کە بایەخ دەدات بە ئازادی کۆمەڵە و کارە شارستانییەکان و «کۆمەڵەی لوبنانی لەپێناو دیموکراسییەتی هەڵبژاردنەکان» ساڵی (١٩٩٦) کە بایەخ بە هەڵبژاردنەکان و چاودێری هەڵبژاردنەکان دەدات، وە هەندێکی دیکەیان تایبەتن بە بارودۆخی فەڵەستینییەکان لە لوبنان و خێوەتگای پەناهەندەکان وەک: «ڕێکخراوی فەڵەستینی بۆ مافەکانی مرۆڤ/ مافەکان» (١٩٩٧) و «ڕێکخراوی فەڵەستینی بۆ مافەکانی مرۆڤ/ شایەت»

# ژنان و یاساکانی باری کەسێتی لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا

## ئوردون

مەسەلەی باری کەسێتی وەک: هاوسەرگیری و تـــەڵاق و حەزانەی منداڵ بەگوێرەی یاســـای ئیســـلامی لـــە دادگا شـــەرعییەکاندا بڕیـــاری لێ دەدرێـــت. وە هەر وەک لـــە زوربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە شایەتی ژنان لە دادگاکانی ئوردوندا بە نیوەی شایەتی پیاو دادەنرێت، جگە لەوەی دەشێت پیاوان ئازادانە هاوسەرەکانیان تەڵاق بـــدەن، لە کاتێکدا گـــەر ژنان بیانەوێت داوای تـــەڵاق بکەن دەبێت لەبـــەردەم دادگادا هۆکارەکانیان بخەنەڕوو.

لە ناوەڕۆکی یاســـاکانی باری شارســـتانیی ئوردونیدا هەندێـــک هەموارکردن ئەنجامدرا کە وایکـــرد خزمەت بە ژنانی ئوردون بکات و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتی و ماندوبوون، بـــۆ نموونە بڕیاردرا ژنانی تەڵاقدراو یان ئەوەی

شـــووی کردووە بە بێگانە مافی بەدەستهێنانی پـــەڕاوی خێزانیی ســـەربەخۆی هەیە، ئەوەش لەسەر داوای خۆی پشتئەستوور بە مادەی ٥٨ کە تیایدا هاتووە (ژنانی تەڵاقدراو یان بێوەژن یاخود شـــوکردو بە بێگانـــە مافی ئەوەی هەیە پەڕاوی خێزانی ســـەربەخۆ بەدەســـت بهێنێت بەگوێرەی مەرج و پێوەندی شارســـتانی جیاواز ئەگەر بیەوێت «هەروەها ئەو یاســـایە بڕیاریدا بەوەی ئەو ژنانەی شـــوویان کردووە لە ئوردون مافی بەدەســـتهێنانی پاســـپۆرتی ســـەفەریان هەیـــە بۆ ئـــەوەی یارمەتـــی و ڕەزامەندی لە مێردەکانیـــان وەربگرن، جگـــە لەوەی هەندێک هەموارکردن کراوە لەسەر یاسای باری کەسێتی ئەوەی پەیوەندیدارە بـــە خولعەوە وایلێهاتووە مافی ژنانە داوا لە دادوەر بکەن بەوەی حوکم بە هەڵوەشاندنەوەی گرێی هاوسەرگیرییەکە بدەن ئەگەر ئامادەی گێڕانەوەی هەموو ئەوانەی هەبوو کە لە مێردەکەی وەری گرتبوو وەک پێشـــەکی بەدەر لەو نەفەقەی مێردەکە ســـەرفی دەکات لەپێناو هاوســـەرگیرییەکەدا، دادوەرەکە بڕیار بە هەڵوەشـــاندنەوەی گرێی هاوســـەرگیرییەکە دەدات بـــە تەڵاقدانـــی ئەگەر هاتـــوو لەلایەن مێردەکەیشـــییەوە ڕێگـــری هەبوو وە لەســـەر

دادوەرەکــە پێویســـتە پێـــش جێبەجێکردنی گرێبەســـتی هاوســـەرگیری دڵنیا بێت لە توانا داراییەکانی مێردەکە بۆ پێشـــەکی و نەفەقە و ئاگادارکردنەوەی ژنەکە بەوەی مێردەکەی ژنێکی تری هەبووە و لەسەر دادگاش پێویستە بە ژنی یەکەم ڕابگەیەنێت بە گرێبەستی هاوسەرگیری دووبارە، ئەوەش پاش جێبەجێکردنی گرێبەستی هاوســـەرگیری کە لە مادەی ٦ ی یاســـای باری کەســـێتی ئوردونیـــدا هاتووە. لەســـەر دادوەر پێویســـتە پێـــش جێبەجێکردنی گرێبەســـتی هاوسەرگیرییەکە لەمانە بکۆڵێتەوە:

١- توانای دارایی مێردەکە لەسەر پێشەکی و نەفەقە.

٢- ئەرکـــی دادگاشـــە ئـــاگاداری ژنـــی یەکەم بـــکات بە دووبارەبوونەوەی گرێبەســـتی هاوســـەرگیری پاش جێبەجێکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری.

## سوریا

لە سـوریادا یاسای ئیسلامی باری کەسێتی ژنـان دیـاری دەکات بۆ ئەو مەبەسـتەش لە (سی) سـاڵی ڕابردوودا چاکسـازی لە چەند یاسـایەکی شارسـتانێتیدا کرد بـە ئامانجی بەدیهێنانی یەکسـانی لەنێوان ژنان و پیاواندا. بەڵام زۆرێک لەو چاکسازییانە جێبەجێ نەکران، لەبەرئـەوەی دابونەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان ڕێگرن لە جێبەجێکردنی یاسـا ئاسمانییەکان یـان دانراوەکاندا. وە لە نێوەنـدی کۆنگرەی بەکیندا حکومەت لیژنەیەکـی پێکهێنا بەناوی «لیژنەی نیشتمانی بۆ بەدواداچوونی کاروباری ژنان لـە دوای بەکینەوە» کـە ئەرک و کاری ئەو لیژنەیـە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە دەربارەی پێشـکەوتنی سوریا بەرەو یەکسـانیی نێوان هەردوو ڕەگەز، پاشان بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی سوری دەربارەی ئەو مەسـەلەیە. ئەو لیژنەیە تێبینی گرنگـی کارکردنی کرد لەسـەر جێبەجێکردنی باشتر بۆ چاکسازییەکانی و لەڕووی یاساییەوە تۆمار کران. وە خێزان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە کۆمەڵگەی سـوریدا و ناوەڕۆکی یاسای سوریا

دەڵێت: ئەگەر ژنێک کە تەمەنی زیاد لە ١٧ ساڵ بوو ئارەزووی کرد هاوسەرگیری بکات. لەسەر دادوەر پێویستە ڕای بەخێوکەرەکەی وەربگرێت لەو هاوسەرگیرییەدا ئەگەر داواکەی لەلایەن بەخێوکەرەکەیەوە ڕەت نەکرایەوە لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا یان گەر بەرھەڵستیکردنەکەی ناشەرعی بوو ئەوا دادوەرەکە بڕیار لە بەڕێکردنی کارەکانی هاوسەرگیرییەکە دەدات لەبەر ئەوەی مێردەکەی ئەهلییەتی هەیە بۆ هاوسەرگیری. جگە لەوەی دەقێکی دیکە باس لەوە دەکات: لە کاتێکدا هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی پێگەیشتوودا ئەنجامدا بێت ڕەزامەندی بەخێوکەرەکەی مافی بەخێوکەرەکەیە داوای بەتاڵکردنەوەی هاوسەرگیرییەکەی بکات ئەگەر هاتوو مێردەکە ئەهلییەتی هاوسەرگیری نەبوو، بەڵام ناکرێت هاوسەرگیرییەکە بەتاڵ بکرێتەوە، لە کاتێکدا ژنەکە دووگیان بێت. بەپێی یاسای سوریا، ژنەکە مافی بەخێوکردن لەدەست دەدات ئەگەر بێ ڕەزامەندی مێردەکەی ژنەکە لە دەرەوەی ماڵ کاری کرد. چونکە ئەو ژنەی بێ هیچ هۆیەکی ڕەوا ماڵی مێردەکەی بەجێ دەهێڵێت ڕەفتارەکەی بە پێشێلکاری یاسای هاوسەرگیری دادەنرێت و سزاکەی بێبەشکردنی

دەبێت لە بەخێوکردن بە درێژایی ماوەی نەبوونی لە ماڵەکەدا. وە لەگــەڵ ئەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان مەسەلەیەکی زانراوە، بەڵام هیچ داتا و ئامارێکی باوەڕپێکراو نییە دەربارەی توندوتیژی خێزانیـــی یان دەســـتدرێژی سێکســـی. بەدەر لەوەی لەو حاڵەتانەدا زوربەیان ئاگاداری لایەنی مەبەستدار ناکەنەوە.

## فەلەستین

لە کەرتی غەززە و زەفەی ڕۆژئاوا، شەریعەتی ئیســـلامی باری کەســێتی ژنان دیاری دەکات جگە لەوەی سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ناکۆکییە خێزانییەکان و تەڵاق و میرات و حەزانەی منداڵ و زوربـــەی لایەنەکانی دیکە کــە پەیوەندیدارە بە ژیانی ژنانـــەوە. بۆیە بزوتنەوەی حەماس و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دیکە داخوازی زیاتریان هەبوو بە گەڕانەوە بۆ شـــیکارییە «باوەکان» ی ئیســـلام و بارە کەســـایەتییەکانی ژنان. وە تا ئێســـتا توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەی میســـریدا بەربڵاوە بەتایبەت ئەو توندوتیژییەی پەیوەندیدارە بە پاراستنی شەرەفی خێزانەوە، بۆیـــە کۆمەڵەکانی ژنان ڕووبەڕووی قورســـایی و ناخۆشـــی زۆر دەبنـــەوە لـــە بەگژاچونەوەی

توندوتیـــژی دژ بە ژنان بەهۆی ئەنگی و عەیبە کۆمەڵایەتییەکانی دەلکێنرێتە هەر کەسێک کە بە ئاشکرایی گفتوگۆ لەو مەسەلەیەدا بکات .

## لوبنان

یاسای شارســـتانی گشتی هەندێک لە بوارە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە بارودۆخی کەسایەتی ژنانی لوبنانی دیاری دەکات. ئەو یاسایە مافی ژنان لەخۆ دەگرێت لە خاوەندارێتی بەرژەوەندییە بازرگانییەکاندا، تەنانەت لەبەردەم دادگاکاندا کە لەڕووی شایەتییەوە یەکسانن بە شایەتی پیاوان. بەڵام زوربەی بارودۆخە کەســـایەتییەکانی ژنان کۆیلەی یاســـای تیر یان تایەفە ئاینییەکانیانن. وە لوبنان بەوە دەناســـرێتەوە کە (١٩)تیرەیە و هـــەر یەکەیان یاســـایەکی ئایینـــی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆیـــە هەندێک لە کۆمەڵەکانی ژنان داوای چاکســـازییان کـــرد کە ببێتە هۆی دانانی یاســـایەکی ئارەزومەندانەی گشـــتی بۆ هاوســـەرگیری شارستانی کە گشت هاوسەرکان لە چوارچێوەیەکـــدا کۆبکاتەوە، وە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بەرپەرچدانەوەیەکی توندی بۆ ئەو پێشنیارە دەربڕی...

## میسر

بارەکانی کەسێتی ژنان لە میسردا لە یاسای ئیسلامییەوە وەرگیراوە کە ڕێسا و بنەماکانی هاوسەرگیری و تەڵاق و میرات و کار دیاری دەکات. بەڵام هەیکەلە یاساییەکەی جیاوازی هەیە لە سستمی یاسای میسری لەوانی دیکە کە پشتئەستورە بە یاسای شارستانی فەڕەنسییەوە. وێڕای ئەوەی حکومەت چاکسازی لە زوربەی ئەو ئامارانەدا کرد کە پێویستیان بە چاککردن هەبوو دەربارەی بێویژدانیی ژنان لە یاسای باری کەسێتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنان ڕووبەڕووی جیاکاریی و جیاوازییەکان دەبنەوە. وە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی میسری یاسایەکی تازەی دەرکرد بۆ باری کەسێتی ساڵی ٢٠٠٠ کە ماف و دەستکەوتی زیاتر بە ژنان دەدات. وە یاساکە ڕێ بە ژنان دەدات بەوەی مافی وەرگرتنی تەڵاقیان هەبێت لە بەرامبەر گەڕانەوەی پێشەکییەکەی مێردەکەی داوێتی و لێبوردن لە گشت پابەندبوونێکی زیادی دارایی لە داهاتوودا. کە لە پێشتردا ژنان مافی داواکردنی تەڵاقیان نەبوو. هەروەها پیاوانیش بە ئاسانی مافی پاراستنی تەڵاقدانیان دەمێنێ، بەڵام یاسا نوێکە نائومێدی و تێکشکانی ژنان

لەخۆ دەگرێت ئەگەر نەتوانن گەشـــت بکەن بۆ دەرەوەی وڵات بێ ڕەزامەندی مێردەکانیان، وە میسر یەکەم وڵاتی عەرەبییە ڕێپێدان بەو ژنانە ڕادەگەیەنێت کە شـــوویان کردووە بە کەسانێک میســـری نین و مافی ڕەگەزنامەی میســـری بە منداڵەکانی دەدات.

# ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا

لە ماوەی دوو سەدە و نیودا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئاوێتە بوون بە ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان. ئەگەر چی ئاوێتە بوون و چوونە پاڵی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بەشێک لەو خۆپاراستنانەی هەندێک لەو وڵاتانە هێدی هێدی هەوڵی پاشەکشێیان دەدا لەڕێگەی بەدیهێنانی ڕێکەوتن و گونجان و سازبوون لەنێوان ڕێکەوتننامەکە لەلایەک و ناوەڕۆکی تەشریعاتە نیشتمانییەکان لەلایەکی دیکە. ئەمەش نموونەی ئەو وڵاتانەی ڕاپۆرتەکە لەخۆ دەگرێت لەڕووی مێژووی واژووکردن لەسەر ڕێکەوتننامەکە و ئەو مادانەی وڵاتەکان خۆیانیان لێی پاراست.

| ناوی وڵات | میژووی واژووکردن | میژووی کاتی جێبەجێکردنی | ئەو مادانەی پاراستنیان لێی هەبوو: مادەی ٢ | مادەی ٩ | مادەی ١٥ | مادەی ١٦ | مادەی ٢٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئوردون | ١٩٨٠ | ١٩٩٢ | | ٢ | ٤ | (١) ج-د-ز | |
| سوریا | – | ٢٠٠٣ | X | ٢ | ٤ | (١) ج. د و ز | ١ |
| فەلەستین | | | ڕێکەوتننامەکەی پەسەند نەکرد | | | | |
| لوبنان | – | ١٩٩٧ | | ٢ | ٤ | (١) ج،د،و،ز | ١ ٢ |
| میسر | ١٩٨٠ | ١٩٨١ | X | ٩ | | X | ١ ٢ |

ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاریی دژبە ژنان چووە بواری جێبەجێکردنەوە لەو وڵاتانەی ناویان هاتبوو، جگە لە فەلەستین کە تا ئێستا ئەو ڕێکەوتننامەیەی پەسەند نەکرد، لە کاتێکدا گشـــت وڵاتەکان لە ژمارەیەکی ئەو مادانە خۆیان پاراســـت، ئەگەر خۆپاراستنەکە لەسەر مادەیەک بوو بێت بەتەواوی یان لەسەر چەند بەشێکیان بووبێت یاخود لەسەر مادەکە بەتەواوی یان لەسەر بەشێکی. ئەو پاراستنانە لەگەڵ بابەتی ڕێکەوتننامەکە و مەبەســـتەکەی سەرپێچ بوو و بەدژ وەستا.

گشـــت ئەو وڵاتانەی ناویان هات شـــادمان بوون کـــە پەســـەندی ڕێکەوتننامەکەیان کرد لەســـەر بەشی ٢ لە مادەی ٩ کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە «وڵاتانی دراوســـێ مافی یەکسان وەک مافی پیاو دەدەن بە ژنان لەوەی پەیوەندیدارە بە ڕەگەزنامەی منداڵەکانیان «جگە لەوەی هەر یەک لە وڵاتانی ئوردون و ســـوریا لەو وڵاتانەن کـــە ناویان هاتووە لەوەی بەشـــی ٤ لە مادەی ١٥ یان پەســـەند نەکرد کە ناوەڕۆکەکەی باس لەوە دەکات کـــە ( (وڵاتانی دراوســـێ ڕێ بە ژنـــان و پیاوان دەدات هەمـــان مافیان هەبێت لەوەی پەیوەندی دەبێت بەو یاسایەی گرێدراوە

به بزوتنه‌وه‌ی که‌سایه‌تی و ئازادی هه‌ڵبژاردنی شوێنی نیشته‌جێ و مانه‌وه‌یان.))

وه ئه‌و وڵاتـــه ناوبراوانه جگـــه له ئوردون ماده‌ی ٢٩ی په‌سه‌ند نه‌کرد که په‌یوه‌ندیداره به بڕیاردان له‌نێوان وڵاتانی دراوسێدا

ماده‌ی ١٦

١- وڵاته دراوســێکان گشـــت ڕێوشوێنێکی گونجاو ده‌گرنه به‌ر بۆ نه‌هێشتنی جیاکارییه‌کان دژ به ژنان له گشت مه‌سه‌له‌کانی په‌یوه‌ندیدارن به هاوسه‌رگیری و په‌یوه‌ندییه خێزانییه‌کانه‌وه، وه به‌شێوه‌یه‌کی تایبه‌ت له‌سه‌ر بناغه‌ی یه‌کسانی نێوان ژن و پیاو وه‌ستاوه به‌م شێوه‌یه.

ا- هه‌مان ماف له گرێبه‌ستی هاوسه‌رگیری.

ب- هه‌مـــان ماف له ئـــازادی هه‌ڵبژاردنی هاوسه‌ردا و نه‌به‌ستنی گرێی هاوسه‌رگیری ته‌نها به‌ته‌واوی ڕه‌زامه‌ندی خۆی نه‌بێت

ح- هه‌مان ماف و به‌رپرســیارێتییه‌کان له کاتی هاوسه‌رگیری و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌یدا.

د- هه‌مان ماف و به‌رپرســیارییه‌تییه‌کانی دایک و باوکایه‌تی به چاوپۆشـــین له بارودۆخی هاوسه‌رگیرییان له‌و مه‌سه‌لانه‌ی په‌یوه‌ندیدارن به

منداڵەکانیانەوە و لە گشت بارەکاندا بەرژەوەندی منداڵەکان بە پلەی یەکەم دەبێت.

ە- هەمـــان ماف لە بڕیـــاردان بە ئازادی و تێگەیشـــتنی دەرئەنجامەکان، ژمارەی منداڵی و ماوەی نێوان منداڵێک بۆ ئەویدی و بەدەستهێنانی زانیاری و ڕۆشنبیرکردن و ئامڕازەکانی یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی لە پیادەکردنی ئەو مافانەدا.

و- هەمـــان مـــاف و بەرپرســـیارێتییەکانی پەیوەندیـــدارن بـــە مافگەرێتی و پێســـپاردن و سەرپەرشتی لەســـەر منداڵ و تەبەننیکردنی و دابونەریتە هاوشێوەکانی هەن. ئەو چەمکانە لە تەشریعاتە نیشتمانییەکاندا بونیان هەیە و لە گشت بارێکدا بە پلەی یەکەم لەپێناو بەرژەوەندییەکانی منداڵاندا دەبێت.

ز- هەمان مافی کەســـایەتی بۆ ژن و مێرد لەوانە مافی هەڵبژاردنی ناوی خێزان و پیشـــە و جۆری کارکردن.

ح- هەمان ماف بۆ هەردوو هاوسەرەکان لەوەی پەیوەندیدارە بە خاوەندارێتی و خاوەنێتی موڵک و ماڵ یان ســـامان و دارایی و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردن و چێژوەرگرتن لێی و مامەڵەکردن پێوەی ئەگەر بە بەرامبەر بوو یان بێ بەرامبەر.

٢- هیـــچ کاریگەرییەکی یاســـایی نابێت بۆ

دەزگیرانی یان هاوسەرگیری منداڵ و جگە لەوە گشـــت کارێکی گرنگ وەردەگرێت لەوانە لایەنی تەشـــریعی بـــۆ دیاریکردنی کەمتریـــن تەمەنی هاوســـەرگیری و تۆمارکردنی هاوسەرگیری لە تۆماری فەرمیدا وەک ئەمرێکی پابەندبوون.

بـــەڵام مـــادەی (١٦) لـــەو ڕێکەوتننامەیە گشـــت وڵاتە ناوبراوەکان خۆپاراستنیان هەبوو (خۆپاراســـتنەکە یان گشـــتی یان تایبەت بوو بە بەشێکی) بەشـــێوەیەک میسر بەشێوەیەکی گشـــتی خۆپاراســـتنی هەبوو لەســـەر مادەکە بە گشـــت بەشـــەکانییەوە هەروەهـــا ئوردون لەسەر بەشـــەکانی (ج، د، ی )بەشی یەکەمی هەیبوو،جگە لەوەی هەریەک لە لوبنان و سوریا لەسەر بەشەکانی (د، و، ن) هەیان بوو هەروەها بەدەر لەوە ســـوریا لەســـەر بەشـــی دووەمی مادەی (١٦) خۆپاراستنی هەبوو.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئـــەوەی تێبینـــی دەکرێت خۆپاراستن لەسەر مادەکانی (٢ و١٦) بەشـــێوەیەکی تایبـــەت ئاماژە بە ناڕاســـتێتی ئـــەو وڵاتانە دەکات لە یەکســـانیی نێوان ژن و پیاودا. جگە لەوەی پشتبەستنی هەندێک وڵات لە خۆپاراســـتنەکانیان هێما بـــۆ ئەوە دەکات کە شـــەریعەتی ئیســـلامی دژ بە کەرامەتی ژن

و یەکسانبونێتی لەگەڵ پیاودا وە دەشێت ئەو پاساوانە یەکنەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی پێشتر باسی لێوە کرا بوو بۆ (د. محمد عبدولمەلیک) کە وەکیلی هاوئاهەنگی گشتییە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی _ ئیسلامی، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا تایبەت بە «ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ» هاتبوو «یەکسانیی تەواو لەنێوان پیاوان و ژنان لە ئیسلامدا بنەمای بنەڕەتیی و ئاراستەی گشتییە، بەڵام بەشەکانی ڕێساکانی جیاوازن لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا یان پێدەچێت جیاوازی لەگەڵدا بکات و پێویستە بگەڕێت بە دوای چۆنێتی مەبەست و هۆکارەکانی دابەزینی.

# هێماکان دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا.

لێکۆڵینەوەیەک ئەنجامدرا دەربارەی گشت شـــێوەکانی ئـــەو توندوتیژیانـــەی ڕووبەڕووی ژنـــان دەبنەوە لە هەریەک لە وڵاتانی: میســـر، یەمەن، ئوردون، ســـوریا، فەڵەستین و لوبنان. ئـــەو لێکۆڵینەوەیە لە نـــاوەڕۆک و بەرنامەیدا پیشئەستوور بوو بە بەدواداچوونی فرە ڕێگەی جیاواز لە گشـــت ناوەڕۆک و بەرنامەکانیدا وە گرنگتریـــن ئەو دەرئەنجامانـــەی لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشت لەوەی بە وڵاتانەوە پەیوەندیدارە بابەتی ڕاپۆرتە، بەشـــێوەیەک لە لێکۆڵینەوەی سوریادا هاتووە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەم دواییەدا لە ســـوریادا بە شـــێوازی جۆربەجۆر گەشەی بەخۆوە بینیوە. پاش ئەوەی دانیشـــتوانی شارەکە بە ئاگاهاتن، دەرئەنجامی کۆچکردنی یەک بەدوا یەک، هەروەها جۆرەکانی تاوان و ئامرازەکانی بەکاردەهاتن لەبارەیەوە لە زیاد بووندا بوو، جگە لەوەی لە لێکۆڵینەوەکەی

ئوردوندا جەخت لەوە دەکاتەوە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ساڵە کەمەکانی پێشوودا لە زیادبووندا بوو وە بە دیاریکراوی پاش جەنگی کەنداو ساڵی ۱۹۹۱ (۲). ئەوەش هەندێک لە پزیشکە پسپۆڕەکان جەختیان لێکردەوە بەشێوەیەک ڕێژەی ئالودەبوون بە مەی و هۆشبەرەکان لە زیادبووندا بوو، کە ئەوەش بێگومان زیادبوون لە حاڵەتی لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی بەخۆوە ڕاکێش دەکات وەک: لێدان، کوشتن و پەلاماردان و دزێتی. وە بێگومان ئەوە دەرئەنجامی کۆچکردنی کتوپڕە کە پاش جەنگی کەنداو ڕوویدا بەشێوەیەک ژمارەی دانیشتوانی ئوردون لە زیادبووندا بوو وە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دوو مانگ تێناپەڕێنێت بە ڕێژەی ٪۱۱ لە ژمارەی دانیشتوان. لەوەوە نەدارایی و تەنگ و چەڵەمەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، وە بەو پێیەی ژن بازنە لاوازەکەیە لە کۆمەڵگەدا بێگومان دووچاری ڕێژەیەکی زیاتر لە توندوتیژییەکان دەیگرێتەوە کە لە ئاژاوە و شیرازە تێکچوون و بەربڵاوەکانەوە هەڵقوڵا لە بونیادی کۆمەڵگەدا وە لە بەڕێوەبردنیدا کە بووە مایەی کۆچکردنی، دەرئەنجامی جەنگی کەنداو.

وه له لێکۆڵینــــەوه لوبنانییەکەدا هاتووه گەڕانـــەوه بۆ ئامارەکانی بریکاره گشـــتییەکان ســـەبارەت بابەتی لاقەکردن لـــە ماوەی ١٩٩٠ تا ســـاڵی ١٩٩٤ زیادبوونێکـــی بەرچاو بەدیکرا لـــە ژمارەی ئـــەو ژنانەی دووچـــاری لاقەکردن دەبوونەوه ســـاڵ بەدوای ســـاڵدا. جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکە پرســـیارێک دێنێتە ئـــاراوه کە بەهـــۆی نەبوونی پرۆگرام و داتـــاوه ناتوانرێت وەڵامی بدرێتەوه ئـــەوەش ئەوەیە: ئایا ڕودانی لاقەکردن لە ماوەی کاتی جەنگدا کەمترە وەک لە ئێستادا یان ئەوانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر سکاڵا تۆمار ناکەن لە کاتی خۆیدا بەهۆی لە دەستدانی دەســـەڵاتی دەوڵەت لەو کاتەدا.

هەروەها لێکۆڵینەوەی میسر ئاماژەی بۆ سێ جۆر لە شـــێوازەکانی توندوتیژی کرد کە ڕووبەڕووی کچان دەبێتەوە لەوانە: دیاردەی خەتەنەکردنی کچان، دیاردەی  ئیشکردنی منداڵان و دیاردەی بەشـــودانی کچانـــی پێنەگەیشـــتوو لەڕێگەی نووســـینەوەی گرێبەســـتی عورفی کورتخایەن بـــە ئامانجی دەســـتکەوتی دارایـــی. هەروەها لێکۆڵینەوە فەلەستینییەکە هێمای بۆ ئەوە کرد ژنانی فەلەستین دووچاری توندوتیژی ڕاستەوخۆ دەبنەوە وەک: لێدان، کوشـــتن و سوکایەتییان

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و فرتوفێڵ و دەستبڕین تا واز لە مافە یاسایی و داراییەکانی بهێنێت یان ناچاری بکات بە وازهێنانی بەزۆر و لەژێر هێزی هەڕەشە لەو مافانە، هەروەها ژنانی فەلەستین ڕووبـــەڕووی بەزۆر دەبنەوە بـــۆ وازهێنانیان لە خوێندن و پۆشـــینی والآپۆشی و شوکردنی زوو یان هاوسەرگیرییەک لە بارودۆخێکی نەگونجاودا، جگـــە لـــەوەی دووچـــاری گێچەڵی سێکســـی دەبنەوە کە دەگاتە ڕادەی لاقەکردن گەر لە ناو چوارچێوەی خێزاندا بێت یان دەرەوەی.

شـــەش لێکۆڵینەوەکەی پێشوو کۆکبوون لەســـەر ئەوەی ژنان لەو وڵاتانـــەدا ڕووبەڕووی گشت شـــێوازەکانی دەســـتدرێژی دەبنەوە بە دەســـتکردن بە کوشـــتنی بە ئەنقەست پاشان ڕەوایەتیدان بە کوشـــتن و ئازاردانی جەستەیی کە دەگاتە ئاســـتی چارەسەر بۆ چەند مانگێک کە دەشـــێت نەخۆش و کەمئەندامی هەمیشەیی و درێژخایـــەن، پاشـــان لاقەکردن گـــەر ئەوەی لەلایـــەن بێگانەکانـــەوە ڕوو دەدات یان لەلایەن تاکەکانی خێڵ خۆیـــان بەتایبەت ئەوەی کچانی بچوک دەبنە قوربانی. هەروەها لە شـــێوازەکانی توندوتیژییە باوەکان کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە هەڕەشەکردن، ئاڕاســـتەکردنی سوکایەتییەکان،

فیڵکردن بە ئامانجی دەستبەسەراگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی ژنان و پارە و پولەکانی، فیڵکردنی سۆزداری، وە لەجۆرە باوەکانی تری توندوتیژی کە لێکۆڵینەوەکان قسەیان لەسەر دەکرد دیاردەی لێدانە و دیارترینیان دیاردەی لێدانی ژنەهاوسەر بەتایبەت ئەوانەی لە ماڵەوەن.

بڕیاردەری تایبەت بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی (٢٠٠٦)دا کە تایبەتە بە توندوتیژی دژ بە ژنان باس لەوە دەکات کە تاوانەکانی کوشتن بەناوی «بە بیانووی شەرەف» لە پاکستان، تورکیا، ئوردون، سوریا، میسر، لوبنان، ئێران، یەمەن و مەغریب و وڵاتانی دیکەدا هەیە، جگە لە وڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و وڵاتانی کەندا و بەدەر لەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لە وڵاتانی تریشدا ڕوو دەدەن وەک: ئەڵمانیا، فەڕەنسا، وڵاتانی یەکگرتوو لە ناوەندەکانی جالیاتی کۆچکردوو. وە ئەو جۆرە توندوتیژییە تەنها لەو وڵاتانە یان لە کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە بەرازیلدا کوشتن بە پاساوی داکۆکیکردن لە شەرەف دێت لە کاتی خیانەتکردنی ژنە هاوسەر لێی.

ڕاپۆرتێکی حکومی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کوشتن بە بیانووی شەرەف ژیانی (٤٠٠)کەسی

لە پیاو و ژن لەناوبرد — لە پاکستان لە ماوەی درێژکراوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٨و ٢٠٠٣ دا وە ژمارەی ژنان لەنێوان ئەو کوژراوانەدا زیاتر بوو بە دوو ئەوەندەی ژمارەی پیاوان. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی مردنی کچان لە (ئەسکەندەریە، میسر)دا هاتووە کە، ٤٧٪ ی ژنان بەدەستی خزم و کەسوکاریان کوژران، پاش ڕووبەڕووبونەوەیان بە لاقەکردن. وە لە ئوردون و لوبناندا لەنێوان ٧٠ و ٧٥٪ لە ئە نجامدەرانی ئەو تاوانانە بەناوی «شەرەف» هاورێیانی قوربانییەکەن.

ئەوەی دێت کۆمەڵێک ئاماری وڵاتانە تاییەت بە بابەتی ڕاپۆرت لەسەر بناغەی ئەو لێکۆڵینەوانەی بەدەست هاتوون لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا.

### میسر

لەمیسردا توندوتیژی خێزانی کێشەیەکی سەرەکییە. «وەزارەتی کاروبارە کۆمەڵایەتی و زامنەکان» ١٥٠ نوسینگەی ڕێنمایی و چارەسەری دەرونیی کردەوە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی. وە بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ڕێکخراوی یونسێفی

ســـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە ســـاڵی ٢٠٠٢دەرچووە، (٣٥٥) ی ژنانی میسر دووچاری لێدان بوونەتەوە لەلایـــەن مێردەکانیانەوە . وە لێکۆڵینەوەکە کە لەلایەن « کۆمەڵەی پەرلەمانی گشـــت پارتـــەکان» ەوە دەرچـــوو دەربارەی دانیشـــتوان و پەرەپێدان ساڵی ٢٠٠٢، ٤٧٪ی گشت حاڵەتەکانی کوشتن، قوربانییەکانی ژنان لە تاوانەکانی شەرەف بووە بەشێوەیەک خزم و کەسوکاری ژنەکە هەڵدەستن بە کوشتنی تەنها لەبەر ئەوەی گومانیان لە ڕەفتارە سێکســـییە نەگونجاوەکان یان نەخوازراوەکان هەیە . لەوانە دووباربوونەوەی بە لاقەکردن لەپێناو پاراستنی ناوی خێزانەکە لە لەکەی نەنگی و عەیبە .

هەروەها بەپێی ڕوپێوێکـــی ناوچەگەریی و تەندروستی لە میسردا ساڵی ١٩٩٧ دەریخستووە ٩٧٪ی ئـــەو ژنانەی هاوســـەرگیرییان کردووە چوونەتە ژێر باری کرداری خەتەنەکردن، نەزانین و کەللەڕەقییە کۆمەڵایەتییەکان و نەخوێندەواری و هەژاری لەنێوان مەســـەلەی تردا فاکتەرن بۆ بەردەوامییەتـــدان بـــەو پیادەکردنانە یان بەو مەســـەلە باوانە . وە وەزیری تەندروستی ساڵی ١٩٩٤ ڕێـــی دا بە جێبەجێکردنی ئەو کردارە لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا، بەڵام زۆری نەخایاند

که ســاڵی ١٩٩٧ خەتەنەکردنی کچان قەدەغە کرا و پیادەکردنی خەتەنە بەردەوام بوو وێڕای هەوڵدانی حکومەت بە ڕێگریکردنی.

بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسـەر ١٠٠ پیـاو و ٥٠٠ ژن کـە لەلایـەن «کۆمەڵەکانی نەدیم، ژنانی نوێ، ڕاپەڕینی میسـری باشە» ەوە ئەنجامـدرا ٦٤٪ ی ژنان و ٦٨٪ ی پیاوان پێیان وابوو گوێبیستی حاڵەتەکانی لاقەکردنی مەحرەمەکان بوون، لە کاتێکدا هیچ سکاڵایەک لەو بارەیەوە نەگەیەنراوەتە پۆلیس.

ڕاگەیاندنی میسری درکی بەو توندوتیژییانە کرد کە دژ بە ژنانی میسری ئەنجام دەدرێت، وە ڕۆژنامەی «ئەهـرام»ی فەرمی لە ژمارەیەکیدا کـە ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٧ دەرچـوو هەندێـک ژمـارەی بڵاوکـردەوە کە لـە توێژینەوەیەکی ئەنجومەنی نەتەوەیی دانیشتوانەوە وەرگیراوە. لـە توێژینەوەکـەدا دەرکەوتـووە ٣٥٪ی ئەو ژنە میسـرپیانەی شـویان کردووە لایەنی کەم یەکجار لـە کاتی شـووکردنیانەوە ڕووبەڕووی لێدان بوونەتـەوە، تەنانەت سـکپڕیش، ژنان لـەو توندوتیژییانە ناپارێزێـت. وە ٦٩،١٪ی ژنەهاوسـەرەکان ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە لە کاتی ڕەتکردنەوەیان بە ئەنجامدانی سـێکس

لەلایــەن مێردەکانیانەوە وە ١ ,٦٩٪ تووشــی لێـدان دەبنــەوە لــە کاتــی وەڵامدانەوەیان بەشــێوەیەک کە بە دڵی مێردەکانیان نەبێت، هەروەها ئەو توێژینەوەیە پشتئەســتور بوو بە (٧٠٠٠ ) ژنەهاوسەر لە شار و لادێدا، هەروەها لە توێژینەوەکــەوە دەرکەوت ژنانی لادێ زیاتر دووچاری لێدان دەبنەوە لە ژنانی شار.

وە ساڵی ١٩٩٦ شــێوەیەکی نوێی بەخۆوە بینی لەو توندوتیژییانەی دژ بە ژنانی میســری ئاراستە دەکرێت، بەتایبەت تاوانەکانی لاقەکردن کە بەشی سەرەوەی لیستەکەی داگیر کردووە، هەروەها تاوانەکانــی لاقەکردنی کچانی بچوک گەیشتە ئاستێکی مەترســیدار کە دیاردەیەکی نوێ لەخۆ دەگرێت، ئەوەش بەشداربوونی زیاد لــە پیاوێکە لە لاقەکردنی یــەک منداڵی کچ و لاقەکردنی خوێندکاران لەلایەن مامۆستاکانیان و دواتر سوتان و پارچە پارچەکردنی قوربانیان بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانانە.

بەڵام ژمارەی قوربانیانی تاوانی خەتەنەکردن لە ماوەی ساڵی ١٩٩٦ دا وێڕای بڕیارێکی وەزیری تەندروســتی بە حەرامکردن یان قەدەغەکردنی جێبەجێکردنی کردارەکانــی خەتەنەکردن لەو نەخۆشخانانەی کە پەیوەندیدارن بە وەزارەتەوە،

بەشـــێوەیەک لە ماوەی ئەو ســـاڵەدا و لە نێو قوربانییەکاندا ١٤ قوربانی زانیارییان لەســـەر هەبوو لە لاپەڕەکاندا وە لەنێوان ئەو حاڵەتانەدا (پێنج حاڵەتی مردن تۆمار کرابوو دەرئەنجامی تاوانـــی خەتەنەکـــردن) وە دەرئەنجامـــەکان لـــە حاڵەتەکانی تردا فرە جـــۆر بوون لەنێوان خوێـــن لێڕۆشـــتنی زۆر و خەمۆکـــی و خورپە و شـــپرزەی دەمارگیـــری و کەمئەندامـــی یان نەخۆشی درێژخایەن و هەمیشەیی وە کەمترین تەمەنی کچانی خەتەنەکراو (٩) ســـاڵی بوو وە گەورەکەیان تەمەنی (١٥) ساڵ بوو بەشێوەیەک ئەو ســـاڵە تێنەپەڕی بێت بوونی هەنگاوی زۆر کـــە ئەنجـــام دەدران لەپێنـــاو کۆتاییهاتن بەو توندوتیژییانـــە کە گرنگترینیان ســـەرکەوتنی هەڵمەتێک بوو دژ بە تاوانی خەتەنەکردن کە بە بڕیارێک لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە دەرچوو بە قەدەغەکردنـــی جێبەجێکردنی کردارەکانی خەتەنەکـــردن لـــە نەخۆشـــخانەکاندا. خاتوو (لەمیس ناس) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت توندوتیـــژی دژ بـــە منداڵان و ژنانـــی تایبەت بە میســـر باس لـــەوە دەکات (خەتەنەکردنی منـــداڵ توندوتیژی جەســـتەیی و مەعنەوی و تەندروســـتییە، وە تێڕوانینـــە تەندروســـتی و

کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان کۆکبوون لەسەر زیانە جەستەییەکان بەسەر مێینەکانەوە بە جۆرێک ڕێـــژەی خەتەنەکردنی مێینـــەکان لە لادێکانی میســـردا لە زیادبووندایە و دەگاتە ٩٨٪ وە لە قاهیرەدا بە تەنهـــا دەگاتە ٣٠٪ لەنێوان چینە باڵاکانـــدا و ٩٨٪ لەنێوان ئـــەو چینانەی زیاتر هەژارن.

ئەو کـــردارە وەکیەک لەنێوان مســـوڵمانان و مەســـیحییەکاندا ئەنجـــام دەدرێـــت، وە ڕێـــژەی خەتەنەکردنی مێینە لـــە لادێکاندا لە بەرزبوونەوەدایـــە و بەتەنها ٩٨٪ پێکدەهێنێت و لـــە قاهیرەدا بە تەنها ڕێـــژەی ٣٠٪ لەنێوان چینە باڵاکان و ٩٨٪ لەنێوان چینەکانی زیاتر هەژارن پێکدەهێنێت، هەروەها ڕێژەکە لەنێوان خوێندەوارەکانـــدا دەگۆڕێت بـــە جۆرێک چەند ڕێـــژەی خوێنـــدن کەمی کرد ئەوەنـــدە ڕێژەی کردارەکانی خەتەنەکردن زیاد دەکات، هەروەها خەتەنەکردنی کچان لە تەمەنی ٦ بۆ ١٢ ســـاڵ پیادە دەکرێت. وە لە میســـردا هەزارەها ساڵە خەتەنەکـــردن ئەنجام دەدرێت. وە لە ســـاڵی ١٩٥٩ بڕیارێکی وزاری دەرچوو بە دامەزراندنی لیژنەیـــەک بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی خەتەنەکردن و پێشکەشـــکردنی ڕاســـپاردەکان لەو بارەیەوە.

وە بەپێی ئەوە بڕیـــار درا کە قەدەغە بکرێت، جگە لە پزیشـــکەکان بـــە ئەنجامدانی کرداری خەتەنەکـــردن و قەدەغەکردنـــی خەتەنەکردن لە یەکەکانی وەزارەتی تەندروســـتی، بەڵام لە میسرڕدا یاســـایەک نییە خەتەنە قەدەغە بکات، یان سزای ئەو کەسانە بدات کە ئەنجامی دەدەن جگە لـــە پزیشـــکەکان. وە خەتەنەکردن گەر بەهۆی پزیشکەکانەوە یان کەسانی دیکەوە بێت بە جۆرێک لە جۆرەکانی دەستدرێژی جەستەیی دادەنرێت بۆ جەستەی ژن.

## ئوردون

سەنتەری نیشتمانی تایبەت بە پزیشکاری دادوەری لێکۆڵینەوەیەکـــی ئاماری ئەنجامدا بۆ گشـــت حاڵەتەکانی توندوتیـــژی خێزانی لەناو جێگادا کە لە ماوەی ٤ ساڵدا ئاشکرا کرا، ئەوەش ئەو حاڵەتانە بوو کە لە سەنتەرەکانی ئاسایشەوە یان لایەنـــە دادگاییەکانـــەوە دەگوێزرایەوە بۆ ســـەنتەرەکەی ناوچەی عەممان. لێکۆڵینەوەکە ١٠١١ حاڵەتی توندوتیژی خێزانی گرتەخۆ ڕێژەی ٣,٤٪ی پێکهێنا لە کۆی حاڵەتەکانی ئازاردانی مەبەســـتدار کە ٣٠١٧٨ حاڵەت بوو وە ڕێژەی ٢,٣٪ لە کۆی حاڵەتەکانی ٤٤٣٨٥ کە سەردانی

کلینیکەکانی پزیشکییان کرد لە ماوەی ٤ ساڵدا (١٩٩٠_ ١٩٩٣). ئەو ژمارانە لە ماوەی چوار ساڵدا ئاماژە دەکەن بە ١٠١١ حاڵەت بەوەی ڕوودانی توندوتیژی خێزانی دەگاتە پلەی سکاڵا لەلایەن لایەنە ئاسایش و دادگاییەکانەوە، هەر ٣٤ کاتژمێرێک لە ناوچەی عەممانی گەورەدا ئەوەش ئەو ناوچەیەیە کە پڕە لە عیادەکانی سەنتەری نیشمانی بۆ پزیشکاری دادوەری. زوربەی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی ٩٧,٠٪ (٩٨١) حاڵەت لەوانە ئازاردانی ژنە هاوسەرە لەلایەن مێردەکەیەوە و ٣,٠٪ (٣٠) حاڵەتی ئازاردانی مێردەکان بوو لەلایەن ژنە هاوسەرەوە وە لە کاتی نمایشکردنی شێوەکانی تووشبوونی ژنەهاوسەردا دەرکەوت ٧٣,١٪ (٧١٧) حاڵەت بریتی بوو لە داماڵین و بۆکس کە دەرئەنجامی تێهەڵدان یان لێدان یاخود لەقەلێدان کە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە وەرزشییەکانە بەشێوەی توند یان بەکارهێنانی ئامێری بەهێز، ٧,٠٪ (٧ حاڵەت) بریتی بووە لە شکان و بەشی خوارەوە یان چەماوەی جومگەکان، ٦,٧٪ (٦٦ حاڵەت) پیاکێشانی توند بووە بە ناوچەکانی چاو و لووت و گوێدا، بەڵام حاڵەتە خراپەکان ٩,١٪ (٨٩)حاڵەت بوون کە هیچ

تووشبوون و ڕودانێکیان پێوە نەبوو.

وە لێکۆڵینەوەیـــەک کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشـــتمانی بۆ کاروبارەکانـــی خێزانەوە ئەنجام درا بـــوو ســـەبارەت واقعی توندوتیـــژی دژ بە ژنـــان لـــە ئوردونـــدا ســـاڵی ٢٠٠٨ دەرکەوت ژمارەیـــەک لـــە دامـــەزراوەکان مامەڵە لەگەڵ مەســـەلەکانی توندوتیژی دژ بـــە ژنان دەکەن، هەروەها ئامارەکان لە بەڕێوەبردنی پاراســـتنی خێزانەوە دەرکەوتووە لە ماوەی ســـاڵی ٢٠٠٦ بەڕێوەبەرایەتییەکـــە مامەڵـــەی لەگەڵ ١٧٦٤ حاڵەت و مەسەلەدا کردووە لە نێوەندیاندا ٤٣٠ مەســـەلە دەســـتدرێژییە دژ بە ژنان. هەروەها «ماڵی ئاشـــتبونەوەی خێزانی» (ماڵ بۆ ژنە تونـــدڕەوەکان) مامەڵەی لەگەڵ ٢٩٠ ژن دەکرد کە ڕووبەڕووی جۆرەکانـــی توندوتیژی خێزانی بوون، ئەوەش لەڕێی پێشکەشـــکردنی خزمەتی داڵـــدەدان. هەروەهـــا پەیمانـــگای نێودوڵەتی بۆ پشتگیری ژنان هەســـتا بە پێشکەشکردنی خزمەتگـــوزاری بـــۆ (٢٧٩١) ژن گـــەر لەڕێی ڕاوێژکردنـــەوە یان دابینکردنـــی خزمەتگوزاری ڕاســـتەوخۆ بوو بێت دەربارەی مەســـەلەکانی پەیوەندیـــدارن بە توندوتیـــژی دژ بە ژنانەوە. وە لەڕێگـــەی ژمارەکانی کە لەلایەن پزیشـــکی

ناشـــەرعییەوە هاتووە بوونـــی (١٢٠) حاڵەتی کوشتنی دژ بە ژنان دەرکەوت لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٦ لەوانــە (١٨) حاڵەتــی تۆمارکــراو بوو بەفەرمی بەوەی لەژێر ناونیشانی ئەوانەی ناوی لێنراوە تاوانەکانی شەرەف و لەنێوان سەنتەری نیشتمانی پزیشکی شــەرعیدا بە مامەڵەکردن لەگەڵ نزیکەی (٢٠٠) ســکاڵا ساڵانە دەربارەی توندوتیــژی دژ بە ژنان. ژمارەکانی کە لەلایەن یەکێتی ژنانــی ئوردونییەوە هاتووە، ئاماژە بە ڕونکردنەوەیەک دەکەن بەوەی یەکێتییەکە لەگەڵ (٧٧٥) ژندا مامەڵەی کردووە ســاڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٦: بەشێوەیەک داڵدەدانیان لە ماڵێکدا بووە و تایبــەت بووە بە یەکێتی ژنانی ئوردونییەوە، لەگەڵ (١٩٠) منداڵ کە لە گەڵیاندا بوون، وە لە ماوەی خزمەتگوزاری هێڵی گەرمەوە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا یەکێتییەکە مامەڵەی لەگەڵ (١٤) هەزار ژن کرد. بیروباوەڕ و ڕۆشنبیرییە باوەکان سەبارەت توندوتیژی بە هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕێژانە دادەنرێــن، هەروەها ڕاپۆرتی بارودۆخی ژنانی ئوردونی دەریخست ساڵی ٢٠٠٤ ڕێژەیەکی بەرزو زۆری تاکەکانــی کۆمەڵگەی ئوردونی تا ئێستا بڕوایان وایە ژنان شوێنگەیەکی کەمتریان لە پیاوان هەیە ٤٩,٣٪ لە باوکان ٤٦,٩٪ لە

نێرینەکان لەنێــوان ٩٠-٢٤ ، ٢ ,٤١٪ی دایکان و ٣ ,٢٦٪ی مێینــەکان لەنێــوان تەمەنی ٩٠-٢٤. وە ٥٠٪ ی ژنــان پێیان وایــە پیاو مافی تەمێکردنــی ژنانــی هەیە ئەگــەر کەموکورتی هەبوو لە جێبەجێکردنی بەرپرســیارێتییەکانی بەرامبــەر مێردەکــەی و منداڵەکانی هەیەتی. وە لــە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ســندوقی نەتەوە یەککگرتووەکانــی پەرەپێدانی ژنــان ئەنجامیدا دەربــارەی تاوانەکانــی کوشــتنی ژنــان لە ئوردون لە مــاوەی ســاڵەکانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣دا دەرئەنجامەکان دەریانخست کۆی مەسەلەکانی کوشــتن و ڕەوایەتیدان پێی (٧٥٤) حاڵەت بوو لە ماوەی ســاڵەکانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ لەوانە (٩٧) ی دژ بــە ژنان بوو واتــە ڕێژەکەی ٩ ,١٢٪ لە کۆی مەسەلەکانی کوشتن و ڕەوایەتیدا پێی لە ساڵی ٢٠٠١ دا زوربەی پێکدەهێنێت وە زوربەی هۆکارکانی بەهۆی گومانــەوە بوو لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ژنان و ناکۆکییە خێزانییەکانیش جگە لەوەی بــرا هۆکارە یان ڕەوایەتی داوە بە کوشتن پاشــان مێرد. هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریخســت ڕێژەی گەورە و زۆر لەنێوان کچان/ ژنانێکــدا بوو کە تەمەنەیــان لەنێوان ١٨-٣٢ ســاڵدا بوو. هەروەهــا ســاڵی ٢٠٠٧ لەلایەن

دامەزراوەیەکـــەوە بەنـــاوی (Freedom house)لێکۆڵینەوەیـــەک ئەنجامـــدرا و دەرئەنجامەکانی دەریانخست نزیکەی ٦١٪ی ئەو لێکۆڵەرەوانە بەشێوەیەکی شەخسی ڕووبەڕووی یەکێک لە ڕەفتارەکانی توندوتیژی بوونەتەوە بە شێوەی هاوار و لۆمەکردن و ڕقلێبوونەوە کە بە پلەی یەکەم دێت، پاشـــان پاڵنان، پیاکێشان، لێدان بەدەست و لەلایەن پیاوەوە و بە دارشەق بـــە پلەی دووەم دێت، لەگـــەڵ بوونی حاڵەتی سووک لە توندوتیژی سێکسی وەک دەستدرێژی سێکســـی و پێکهێنانی پەیوەندیی سێکسی بە زۆرلێکردن، وە لێکۆڵینەوەکە دەریخست ٤٢ ,٪ ی لێکۆڵەرەوەکان بـــە بینین بووە یان گوێیان لە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان بووە، وە ڕوودانی زوریەیان لە ژینگەی خێزانیدا بووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ .

هەروەها توێژەرەوەکان دەریانخست هۆکارە سەرەکییەکان بۆ شاردنەوەی توندوتیژی لەناو خێزانـــدا لەوانی دیکە بەشـــێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ســـێ فاکتەری سەرەکی لەوانە: ترس لە پەرتەوازەبوونی خێزان، قورســـایی لە لەدەستدان یان چاوپۆشیکردن لە منداڵ لە کاتی تەڵاقدا، ترس لە ناوزڕاندن و ســـومعەی خێزان

که ئاماژەی وەک ئەولەویـــەت پێ دەکرێت که خێزان دەیگرێتەوە له کۆمەڵگەی ئوردونیدا.

## سوریا

له سوریادا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دەربارەی توندوتیژی دژ به ژنان ســاڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، بەشـــداربووان له کاری بەکۆمەڵدا (ۆرکشۆپ) بــه گرنگترین پرۆگــرام و بەرنامەی ئامارەکان دادەنرێــت که له ماوەی ئــەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتــووە لەڕووی ڕەفتاره خراپــه باوەکانی که ئازاردانه بۆ ژنان و جۆری ئەو سزایەی دەدرێت بەســەر هەڵەکانی مێینەکانــدا له چوارچێوەی خێزاندا. له ١٧٪ ی ژنــان ئارەزومەندانه و به ئیــرادەی خۆیان داهات و دەســتکەوتەکانیان دەدەن به سەرۆک خێزانەکانیان بەرامبەر ٥ ,٤٪ که بەزۆر و ستەم لێیان وەردەگیرێت، هەروەها ئــازاردان و جنێودان ڕێژەی ٥٦٪ پێکدەهێنێت لەو هەڵانەی لەلایەن ژنانەوە دەکرێت و لەسەری ســزا دەدرێن وه ٧٣٪ ی ژنانــی گێچەڵپێکراو دووچاری دەستدرێژی جەستەیی بوون لەلایەن تاکەکانی خێزانــەوە بەرامبەر ٥ ,١١٪ لەلایەن کەســێکی نەناســراوەوە. وه جنێــودان لــه

پێشەوەی دەستدرێژییەکان دێت کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە بە ڕێژەی ٢ ,٥٠٪ پاشـــان لێدان بە ڕێـــژەی ٢ ,٤٨٪ و گێچەڵکردنی سێکســـی بـــە ڕێـــژەی ١ ,١٤٪ وە گیرفان بڕین و دزی بە ڕێـــژەی ٧ ,١٠٪ و دواجـــار ڕفانـــدن بە ڕێژەی ٣ ,٢٪. هەروەها پیاو بە بەرپرسی حاڵەتەکانی لێـــدان دادەنرێت. لە کاتێکدا هەردوو هاوســـەر بەرپرســـن لە زۆربەی حاڵەتەکانـــی تەڵاق بە ڕێـــژەی ٦٦٪. لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا لە بنکەی پزیشـــکاری دادوەری لە سوریا ٩ شاری (حەڵەب) ســـاڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ ژمارەی خاوەن کارەکانی سەردانی بنکەی پزیشکارییان دەکرد گەیشـــتە ١١٥٣٠ حاڵەت، لـــە کاتێکدا ژمارەی حاڵەتەکانـــی توندوتیژی دژ بە ژنان گەیشـــتە ٢٦٧٦ حاڵـــەت واتە بە ڕێـــژەی ٣٠٪ لە کۆی حاڵەتەکان. ژمارەی شووکردووەکان ٢١٦٩ واتە ڕێژەی ٨١٪و ژمارەی مێینەکان ٥٠٧ واتە ڕێژەی ١٩٪ وە حاڵەتەکانی توندوتیژی سێکسی ٣٩٥ حاڵەت بوو واتـــە ڕێژەی ٨ ,١٤٪ و توندوتیژی جەســـتەییش ٢٢٨١ بوو کە ڕێژەکەی ٢ ,٨٥٪ بوو وە حاڵەتەکان بەپێی توندی توشبوونەکان دابەش کرا بەم شێوەیە: ١٧٤٨ توندوتیژی توند بە ڕێژەی ٦٦٪ و ٩٢٨ توندوتیژی ئاســـان واتە

ڕێژەی ٣٤٪، هەروەها حاڵەتەکان بەپێی هۆکار بـــە توندوتیژەکە دابەش کران بەم شـــێوەیە: ٢٠٦٥ توندوتیژی لەلایـــەن مێردەوە بە ڕێژەی ٧٧,١٪ و ٦١١ حاڵەتی توندوتیژی لە کەسانی دیکە بە ڕێـــژەی ٢٢,٩٪، حاڵەتەکانی بەپێی دابەشبوونی جوگرافی دابەشکرا: ٦٨٤ لە لادێ کە دەکاتـــە ڕێـــژەی٢٥,٦٪ وە ١٩٩٢ یش لە شاردا بە ڕێژەی ٧٤,٤٪.

## لوبنان

لـــە لوبنانـــدا توندوتیـــژی دژ بـــە ژنان بە کارێکی نوێ دادەنرێت، بە جۆرێک باســـکردنی بە شێوەیەکی ئاشکرا تەنها ساڵانێکی دیاریکراو بوو، وە دەشـــێت دیارتریـــن ڕوداو لەم بوارەدا ڕێکخستنی دانیشـــتنێکی گوێگرتنانەی یەکەم بـــوو بۆ ئەو ژنانەی دووچـــاری توندوتیژی بوو بوونەوە لە ساڵی ١٩٩٥، پاشان هاوکاریکردنی سەرەکی لوبنان بوو لە دروستکردنی دادگایەکی ژنان دادگای بەردەوامی عەرەبی بۆ نەهێشتنی توندوتیـــژی دژ بە ژنان «کـــە لوبنانی کرد بە بارەگای خۆی. لەسەر ئاستی عەرەبدا» دەستەی لوبنانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان» دروست بوو کە هاوکار بوو بۆ گشتاندنی مەسەلەی

توندوتیژی وەک مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لە لوبناندا. هەروەها دیواربەستی بێدەنگی شکاند کە ئازارو مەینەتییەکانی ئەو ژنانەی تێهەڵکێش کردبو کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبوونەوە بە گشت شێوازەکانییەوە. جگە لەوەی دەستەی لوبنانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی یەکەم هێڵی گەرمی دانا بۆ وەرگرتنی سکاڵاکان لەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بووبوونەوە. هەروەها لەو ڕێگەیەوە ڕاوێژی دەرونیی و یاسایی و دادوەرییان دەبەخشییە زوربەی حاڵەتەکان، بەڵام بە ڕادە و ژمارەیەکی زۆر، توندوتیژی ئەو حاڵەتانە دەبەزێنێت، بەڵام درکاندنی تا ئێستا لە ئاستێکی لاوازدایە. سەرۆکی دەستەی لوبنانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان لورا سفیر دەڵێت: «بە مانا گشتییەکەی توندوتیژی، سێیەشی لوبنانییەکان توندوتیژییان بەرامبەر کراوە» بەگوێرەی ئەگەرەکان لە غیابی ئامارە فەرمییەکاندا. توندوتیژی بەڕای کۆمەڵە چالاکەکان لە بواری لەناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان جۆراو جۆری مەعنەویی لەوانە ئابوری. هەروەها جەستەیی لەوانە سێکسی. هەروەها لورا سفیر دیارترین کێشەکان کورت دەکاتەوە و دەڵێت «دەوڵەت بەپێی پێویست یارمەتیمان

نادات و وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، جگە لەوەی پارێزگاری تایبەتیمان لێناکات ئەگەر پیاوێک ویستی تۆڵەمان لێبکاتەوە بۆ پشـــتیوانیکردنی ژنەکەی یان خوشکەکەی یاخود کچەکەی» هەروەها ئەم کۆمەڵانە جەخت لە گرنگێتی بوونی «داڵدەی دڵنیا» دەکاتەوە بـــە مانـــا ڕۆژئاواییەکەی بۆ ئـــەوەی ئەوانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دراوە پێشـــوازی لـــە منداڵەکانیان بکەن و هەروەها پاراســـتن و هاوکاری داراییان بۆ مســـۆگەر بکەن هەروەها «ســـفیر» دەڵێت: بنکە یان ســـەنتەر نییە بۆ داڵدەدان و پاراســـتن و کۆمەککـــردن و داوای یارمەتی لە هەندێک دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین بەتایبەت ئایینی مەسیحی، جگە لەوەی پێویســـتە دەوڵەت ئەرکی بەرپرســـیارێتی ئەو یارمەتییە بگرێتە ئەستۆ، چونکە تێچوونەکەی زۆرە.

## فەڵەستین

لە فەڵەســـتیندا چێژتـــن و ئازارەکانی ژنان بەهۆی ئەو جەنگە بازنەییەی بوونی هەیە تیایدا لە زیادبووندایە بە شێوەیەک ڕاپۆرتی بەرنامەی

پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات، چونکە ژنان زیاتر هەست بە ئازاری مەترسی داگیرکاری و زەوتکردن دەبێتەوە، لە نابلوسدا سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە خێزان هێمای بۆ ئەوە کرد ژمارەی ئەوانەی ڕوو دەکەنەماڵەکانی دڵنیایی نۆدن و ڕوونی کردەوە و دەڵێت «ئەو حاڵەتانەی ڕوو دەکەنە هێڵی یارمەتی کە سەر بە کۆمەڵەکەیە لە سەرەتای پێنج ساڵدا گەیشتبووە (٩٥٨) حاڵەت وە لە پێنج ساڵەکانی دوای ئەو ٢٧١٧ بوو لە کاتێکدا لەم ساڵەدا و تا کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکە گەیشتە ١٩١٦ بەو واتایەی ژمارەی ئەوانەی ڕوویانکردە کۆمەڵەکە لە دە مانگدا بەرزترە لە ژمارەی ئەوانەی ڕوویانکردە کۆمەڵەکە لە پێنجی ئەو ساڵانەدا لە کاتێکدا بەڕێوەبەری بنکەی «سەوا» بۆ پشتیوانی قوربانیانی توندوتیژی جەستەیی و سێکسی وتی: «دەستدرێژییە سێکسییەکانی لە خێزاندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە دەگاتە ٧٥٪ لە ڕێژەی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە«وە کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی پەرەپێدانی ژنانی فەلەستینی لە کەرتی غەززەدا لە ئابی ٢٠٠٨ لێکۆڵینەوەیەکی ڕوپێوی ئاماری

ئەنجامدا لەژێر ناوی «کاریگەریی ئابڵوقە لەسەر خێزانی فەڵەستینی لە تێڕوانینی ژنانەوە» لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی کە قەبارەکەی ٦٠٠ ژن بوو دابەشـــکرا بوو بەسەر کەرتی غەززەدا. وە لێکۆڵینەوەکە لە بارەی کاریگەریی ئابڵوقە لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆ خێزان ڕوونی کردەوە ڕێژەی ٣ ,٢٨٪ ی ئەو ژنانەی دەگەڕێن بەدوای خێزانەکانیاندا ناچار بوون بە شوکردنی یەکێک لە کچەکانیان وەک شوکردنی زوو یان پێشوەخت وە ٤٩٪ ی ئەوانە باســیان لـــەوە کرد یەکێک لە گەنجانـــی خێزانەکە بەهۆی ئابڵوقەوە ناچار بوو بە دواخستنی هاوسەرگیرییەکەی. هەروەها ئامـــاژەی بەوە کرد ڕێـــژەی ٥ ,٢٠٪ ی ئەوانە بەهۆی ئابڵوقەوە لەناو خێزانەکانیان تووشـــی حاڵەتـــی تەڵاق بوون وە دەربـــارەی کاریگەری ئابڵوقە لەســـەر باری دەروونیـــی ژنان ٦١٪ ی ئەو ژنانەی دەگەڕێن بەدوای بیروباوەڕەکانیاندا گوزارشتیان لەوە کرد کۆی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێن لەناو خێزانەکانیاندا لە کاتی ئابڵوقەدا لـــە زیادبووندا بوو، لە کاتێکدا ٢ ,٦٠٪ ی ئەوانە ئەو بیروباوەڕەیان هەبوو کە توندوتیژی دژ بـــە منداڵان لەناو خێزانەکانیاندا لە کاتی ئابڵوقەدا لە زیادبووندا بوو و ٢ ,٨٥٪

یان بە شـێوەیەک گوزارشتیان لە بیروباوەڕیان کرد بەوەی ئاسـتی دەمارگیری و دڵەڕاوکێ و شپرزەیی لەناو خێزاندا لە کاتی ئابڵوقەدا لە زیاد بووندا بـوو. وە دەربارەی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارسـتانی ڕێژەی ٣٥,٥٪ ی ئەو ژنانەی دەگەڕێن بە دوای بیروباوەڕیاندا باسیان لەوە کرد دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆڵـی خـۆی ناگێڕێت لە کەمکردنـەوەی ئەو توندوتیژییـەی ڕووبـەڕووی ژنـان و منداڵان دەکرێت، لە کاتێکدا ڕێـژەی ٤٠,٧٪ی ئەوانە گوزارشتیان لەوە کرد دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆڵی خۆی نابینێت لە سووککردنی تێکچوونی باری تەندروسـتی، وە ٥٠,٥٪ یان باسـیان لەوە کـرد دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت لە سووککردنی کاریگەرییەکانی باری ئابووری لەسـەر خێزانی فەڵەسـتینی. وە لـە ڕوپێوێکدا کـە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئاماری فەڵەستینی ئەنجامدرا سـاڵی ٢٠٠٦ دەرکەوت ٢٣,٣٪ ی ئەو ژنانەی زووتـر هاوسـەرگیرییان ئەنجامداوە باسـیان لـەوە کرد ڕووبەڕووی یەکێک لە شـێوازەکانی توندوتیژی جەسـتەیی بوونەتـەوە تەنها گەر بـۆ یەکجاریش بوو بێـت بەلایەنی کەمەوە. لە

کاتێکـــدا وتی٧ ,٦١٪ یان دووچاری یەکێک لە شـــێوازەکانی توندوتیژی دەروونـــی بوونەتەوە بەلایەنـــی کەمەوە بۆ یەکجار لە ماوەی ســـاڵی ٢٠٠٥ لە فەڵەستیندا، هەروەها دەرئەنجامەکانی ڕوپێوەکە دەریخست ٥ ,١٠٪ ی ژنان ڕووبەڕووی یەکێک لە شـــێوازەکانی توندوتیژی سێکســـی بوونەتـــەوە لە فەڵەســـتیندا لە ماوەی ســـاڵی ٢٠٠٥، وە لە ناوچـــەی زەفەی ڕۆژئاوادا ڕێژەی دووچاربوونی ژنان بە یەکێک لە شـــێوازەکانی توندوتیژی دەروونی بەلایەنی کەمەوە بۆ یەکجار زیاترە لە کەرتی غەززە کە بە ڕێژەی (٨ ,٦٨، ٧ ,٤٩٪)، لـــە کاتێکـــدا نزیکبوونەوەیەکی زۆر هەیە لەوەی پەیوەندیدارە بە ڕووبەڕووبونەوەی ژنان بـــە توندوتیژی جەســـتەیی لـــە زەفەی ڕۆژئاوادا کە ڕێژەکـــەی ٧ ,٢٣٪ و ٦ ,٢٢٪ لە کەرتی غەززەدا.(وە ڕێژەی ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی جەســـتەیی دەبنـــەوە لە هەر یەک لـــە زەفەی ڕۆژئاوا و کەرتی غـــەززەدا بریتییە لە (٤ ,٢٤٪، ١ ,٢٥٪)، هەروەها (شبانە) هێمای بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەوانە کرد کە دووچاری توندوتیژی دەرونیی بوونەتـــەوە بۆ یەکجار لە ناوچەی حەزەر ٥ ,٥٦٪ بە بەراورد لە خێوەتگە ولادێکان (٦ ,٥٤٪، ٨ ,٤٦٪) وە ئامارو داتاکان

دەریانخســـت ٦ ,٢٤٪ ی ئەو مێینانەی شوویان نەکردووە باســـیان لەوە کـــردووە ڕووبەڕووی یەکێک لە شـــێوازەکانی توندوتیژی جەستەیی بوونەتـــەوە بەلایەنـــی کەمەوە بـــۆ یەکجار لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٥ بە بەراوورد لەگەڵ ٥ ,٥٣٪ کە باســـیان لـــە ڕووبەڕووبونەوەیان کردووە بە یەکێک لە شـــێوەکانی توندوتیژی دەرونیی بۆ یەکجار بەلایەنی کەم لەســـەر ئاســـتی ناوچەی فەڵەستین دا، وە تێبینی ئەوە دەکرێت ڕێژەی تووشـــبووان بە توندوتیژی دەرونیی لە کەرتی غەززەدا کەمتـــرە وەک لە زەفـــەی ڕۆژئاوا بە ڕێژەی (٣ ,٤٧٪، ١ ,٥٦٪ ) و نزیک دەبێتەوە لە ٣٦٪.

# کۆتایی

بەگژاچونەوەی توندوتیژی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرپرسیارێتییەکی بە کۆمەڵە و پێویستە دەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی یارمەتی و پشتگیری یەکتر بن و لە گەڵیشیدا لە دامودەزگا تەشریعییەکاندا هەوڵی هەموارکردن بدەن، هەروەها هەوڵی داهێنان و نوێکردنەوەی دەزگای پاراستنی یاسایی و گۆڕینی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بدەن، بەدەر لە هۆشمەندکردنی ژنان بە مافە مرۆییەکانی و چۆنێتی داکۆکیکردن لێی، وە لێنەبوردن و فەرامۆشنەکردن یان کەمتەرخەمی یاخود بێدەنگنەبوون لەسەر چەپاندن یان دزینی ئەو مافانە. هەروەها ئەرکی دەستەبژێرانی بواری بیر و ڕامیاری و ئاینییەکانە ڕۆڵیان هەبێت لە وروژاندنی هۆشیاری و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی بەها لێبوردەیی و ئاشتییەکان و ڕێزگرتنی ئەویدی. هەروەها پێویستە کار لەسەر ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ژێرخانەکان بکرێت بۆ گەشەکردنی ژنان و پێشکەوتنی خۆیی وەک: هەڵگیرسان و دروستبوونی دامەزراوەکانی

فێرکردن و ڕۆشنبیری و ئامادەکردن و ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی نوێ کە یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردن و ئاسانکردنی بابەتەکان گەر بابەتەکان پەروەردەیی یان تەندروستی یاخود کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بێت سەبارەت بە زامنکردنی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی بەشێوەیەکی خێراتر. لەلایەکی دی ناکرێت بڕوا بەوە بکرێت کە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانرێت چارەسەر بۆ ئەم دیاردەیە بکرێت. چونکە لە کۆنەوە ژنان مافەکانیان زەوت دەکرێت و ئەو پێشێلکاریانەش تا ئیمڕۆ درێژەی هەیە، بۆیە هەوڵدانمان بۆ چارەسەرکردنی نەک تەنها پێویستی بە یارمەتی و پشتگیری و یەکخستنی تواناکان هەیە، بەڵکو پێویستیشی بە کاتی زۆر و پێویست هەیە بۆ دەربازبوون لەو دیاردەیە. بۆیە پێویستی بە ئەنجامدان و کارکردن هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گشت تەمەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. بە تایبەت ژنان، چونکە پێویستە ژنان بە مافەکانیان ئاشنا بن و زانیارییان هەبێت، جگە لە چۆنێتی داکۆکیکردن لێی و گەیاندنی دەنگی ستەمکارانەیان بۆ جیهان بەهۆی گشت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە. وە لێنەبوردن و فەرامۆشنەکردن و بێدەنگنەبوون

لەســـەر چەپاندنی مافەکانیان. وە دروستکردنی کیانێکی هۆشیارو سەربەخۆ تایبەت بە خۆی. لە لایەکی دیکەوە بڵاوکردنەوەی ئەو هۆشمەندییەش لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا. لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشـــنبیری ڕێزگرتن و ڕێزلێنانی ژنان کە نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و بگرە زوریەشـــی. جگە لەوەی پێکهاتنی ئەو دامەزراوانە پێویســـتە کە هەڵدەستێت بە فێربوونی هاوسەرە نوێکان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی ڕاســـت لەگەڵ یەکتریدا و ڕێزگرتنی مافە ئاڵوگۆڕەکانیان بەرامبەر بە یەکتر. وە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕەوایەتیی و یاسا ئاسمانیانەی کە تەواوی ماف و کەرامەت و ڕێز بۆ ژنان دەستەبەر دەکات. جگە لەوەی پارێزگاری و حەسانەی تەواوی بۆ ژنان دابین کردووە بە شـــێوەیەک ئەزمونەکان ســـەلماندویانە یاســـا وەزعییەکان نەیانتوانیوە ماف و پاراســـتن بۆ ژنان دابین بکەن. ئەگەرچی دروشمەکانیان لە بەرژەوەندی ژناندا بەرزکردۆتەوە. وە تا ئێســـتا دژواری و لەیەکنەچوونێکی گەورە هەیە لەنێوان پیادەکردن و بواری تیۆریدا سەبارەت نەهێشـــتنی توندوتیژی دژ بە ژنان وە کاتی ئەوە هاتووە قســـە و لایەنە تیـــۆری و لێکۆڵینەوەکان وەربگێڕرێن بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردن لەسەر زەمینەی واقعدا.

- کنێر عەبدوڵڵا حمە عزیز، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٠ لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان کاردەکات
- ساڵی ٢٠٠١ لە بواری نوسیندا کاردەکات و ئێستاش خاوەنی (٨) کتێبی چاپکراوە لە بواری ژناندا تایبەت بە بابەتی هەمەڕەنگ و توێژینەوە.
- ساڵی ٢٠٠٣ وەک ئەندام لە لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستاندا کاریکردووە.
- ئەندامە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئێستا.
- سەرنووسەری گۆڤاری تەوارە

## بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١- ژن لە بازنەیەکی داخراودا
٢- پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا
٣- توندوتیژی وەزیفی دژ بە ژنان لە دام و دەزگا حکومییەکاندا
٤- بەشداریکردنی سیاسی ژنان
٥- توندوتیژی دژ بە ژنان
٦- پێم دەڵێن
٧- کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە
٨- گێچەڵپێکردنی سکێسی دژ بە ژنان

# زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ١-ژن لە شیعر و ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| ٢-نیچە | پۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣-سووڕی مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤-دیکارت | پۆڵ ستراتێرن | ڕەئوف بێگەرد |
| ٥-بیری ئاینی کۆن لە ... | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| ٦-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | دیایلی. دەچز. ئیرامز | عەتا قەرەداغی |
| ٧-ئاین و کەسایەتی | ل. پانس | ئاوات ئەحمەد |
| ٨-هەشت نامە | گۆنتەر گراس- کینزابورۆئۆ | شۆڕش جوانڕۆیی |
| ٩-ئانارشیزم | د. مستەفا ڕەحیمی | ڕێباز مستەفا |
| ١٠-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد | ئارچی ڕۆزڤڵت | ئەکرەم قەرەداغی |
| ١١-دەربارەی دیالێکتیکی.. | مراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| ١٢-پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| ١٣-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان | ئایزایا بەرلین | کامیا محەمەد |
| ١٤-هونەری نیگارکێشان.. | شمیدت دیجینەر | وەهبی ڕەسوڵ |
| ١٥-چامەی پەخشان | سوزان بێرنار | سەلاح محەمەد |
| ١٦-ئاین، عەلمانییەت.. | محەمەد ئەرکۆن | شوان ئەحمەد |
| ١٧-سارتەر | پۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ١٨-چۆن دەبیت بە باشترین هاوڕێی خۆت | میلدرید نیومان بێرنارد بێرکۆتس | شێرزاد حەسەن |
| ١٩-کورد و زمانی کوردی | تۆفیق وەهبی | عەزیزگەردی |
| ٢٠-ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی | جەلال ستاری | پێشڕەو حسێن |
| ٢١-پاسکاڵ | ئاندری کریسۆن | سامان عەلی |
| ٢٢-کافکا | سادقی هیدایەت یوسف حاجی میرزا | محەمەد کەریم |
| ٢٣-لە نێوان بلیمەت و شێتیدا | هاشم سالح | ئەرزاد ئەحمەد |
| ٢٤-مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە | قاسم حسێن سالح | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٢٥-جیهانی ئیمپرێشێنیزم | هانز خافن | ئیسماعیل حەمەئەمین حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ |

Pocket Book 108

له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سلێمانی 2010